ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٩٥ ■ یەکشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## پۆلیکی دیکە لە کچان و کوڕانی نیشتمان هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە

ڕۆژی شەممە ١٤ی خاکەلێوە بە تەواو بوونی دەورەی ٢٤١ی سەرەتایی فێرگەی پێشمەرگە پۆلێکی دی لە لاوانی نیشتمان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان پۆشی.


سۆران نووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە وتاری بۆنەکەی پێشکێش دەکرد، ڕوو بە بەشدارانی دەورە گوتی: هاتنی لاوانی کورد بۆ سەنگەری خەبات و بە تایبەت بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات نیشانەی بەردەوامی و زیندووبوونی خەباتەکەمان و ئاسۆیەکی ڕوونە بۆ نیشتمان و نەتەوەکەمان. بۆیە جارێکی دیکەش خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزب و گەل درێژەی دەبێ.



پێشکێش‌کردنی سروود، خوێندنەوەی پەیامی بەشدارانی دەورە و ڕیزلێنان و بەخشینی خەڵات بە چەند پێشمەرگەیەکی نموونەی دەورە چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

### خالید عەزیزی:

# چارەسەری کێشەی کورد و ئازەری دێموکراسی و چێ‌کردنی حکوومەتێکی فیدراڵە



## مەسەلەی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازەربایجان

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کوردکاناڵ تیشکی خستە سەر ئەوە کە چارەسەری ناکۆکییەکانی کورد و ئازەری دێموکراسی و چێ‌بوونی حکوومەتێکی فیدراڵە.

سکرتێری گشتیی حیزب گوتی: چارەسەری بنەڕەتی و دروستی پرسی کورد و تورکە ئازەرییەکان لەو ناوچانەی ئەم دوو نەتەوەیە تێکەڵاوییان هەیە و پێکەوە دەژین تەنیا دێموکراسی و وتووێژ و سازان و داننان بە بوونی یەکترە. ئێمە پێویستە سنوورێکمان بۆ داهاتووی هاوبەش لە کۆمەڵگەی ئینسانیمان و هەروەها لایەنی ماف و ویستە قانوونییەکانمان هەبێ. ئەم دوو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو لە دراوسێیەتیی یەکتردا ژیاون و کێشەکانی ئێستا سەرچاوەکەی بوونی کورد و تورک لە تەنیشت یەکتر نییە، بەڵکوو سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی و دابەشکاریی نابەرپرسانەی جوغرافیایی وڵات و پارێزگاکانە ئەو کێشانەی لێ کەوتۆتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کاتێک ئێران بەسەر پارێزگاکان‌دا دابەش کرا، هیچ گرینگییەک بە شوناس و هەوێتیی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە نەدرا. مەبەست لەوش ئەوە بوو کە بەڕەسمی دان بە بوونی ئەو نەتەوانە و شوناسی نەتەوەییان دادەنرێ و بەمجۆرە لەجیاتی ئەوەی نەتەوەکانی ئێران لەو دابەشینەدا هەرکام قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان هەبێ، کێشە و ناکۆکییان لەنێوان‌دا دروست کرا.

ئەگەر حکوومەتی ناوەندی لەکاتی خۆی‌دا بە ڕوانگەیەکی دێموکراتیک و مەدەنی -نەک ئەمنیەتی- سەیری ئەم پرسەی کردبا، ئەم نەتەوانە خوویان بە بوونی یەکتری لە دراوسێیەتی خۆیان‌دا دەگرت و هەم وێڕای خاوەنێتی لە هەوێتی و شوناسی خۆیان لە نیزامی ئیداری و بەڕێوەبەریی وڵات‌دا هاوبەش دەبوون. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام هەوڵی ئەوە بووە کەلێنی ناکۆکیی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە هەراوتر بکا. لە ئێستادا ئەو کێشەیە ئەوە نییە کە چارەسەری نەبێ. ئێمە ئەزموونێکی مێژوویی و پێشوومان لە سەردەمی «کۆماری کوردستان» و «فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان» هەیە. ئەوکات ئەم دوو دەسەڵاتە لە دراوسێیەتی یەکتردا کێشەکانیان نێوان خۆیان بە وتووێژ و سازان چارەسەر کرد و چەند ڕێککەوتنێکیش لەنێوانیان‌دا ئیمزا کرا.

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد و ئازەری پێکەوە پێوەندیی باشیان هەبێ. لەوەڕا کە چارەنووسێکی هاوبەشمان هەیە و ئەم چارەنووسە لەگرەوی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتن بەسەر ئەم ڕێژیمەدایە؛ چارەسەری ئەم کێشانە دابین‌بوونی بیری دێموکراسی و چێ‌بوونی حکوومەتێکی فیدراڵە. بێگومان کورد و تورکە ئازەرییەکان خاڵی هاوبەشی زۆریان لەپێناو ئەو داهاتووەدا هەیە کە دەتوانن پێکەوە کاریان لەسەر بکەین.

**(بەشە سەرەکییەکانی دیکەی ئەم دیمانەیە لە لاپەڕە ٢دا بڵاو بۆتەوە.)**

◆ سەروتار


## ڕێککەوتنی ئێران و چین لە پێناو چیدا؟

**کەماڵ کەریمی**

ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ و دوای ساڵانێک پێوەندی باشی دەوڵەتی چین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە بە وتەی زۆر لە کارناسانی ئابووری قازانجی ئەو پێوەندییانە بە تایبەت لە بواری ئابووریدا چووەتە گیرفانی چینییەکان، و پاش ٦ ساڵ تاوتوێ و ساڵێکیش بێنەوبەرەی چین لەسەر نووسینی تەوافوقی کۆتایی، ڕێککەوتنی بەناو ستراتێژی هەمەلایەنە لە نێوان ئەم دوو ڕێژیمەدا ئیمزا کرا.


لە پێشدا بڵێین حکوومەتی ئێران لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا هیچ پڕۆژەیەکی ستراتێژیی لە بەر دەستدا نەبووە و ئەم بێ‌سیاسەتی و بێ‌بەرنامەییە، وێرانیی ئابووریی پیشەسازی و کشتوکاڵی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێرانی کە پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ئەوان هەم بناخەیەکی باش و پێشکەوتووی ئابووریی هەبوو و هەم خاوەنی سەرچاوەی گەورەی ژێرزەوییە بە دوای خۆیدا هێنا و ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتەی لەبەریەک هەڵتەکاند. وێرانییەک کە ئەگەر لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارییان‌دا بە هۆی سازکردنی شەڕی نێوخۆیی بە تایبەت لە کوردستان و شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێ کرد، لەم ساڵانەی دواییدا تەحریمەکان بوونە بەهانە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



٤

**ئەوەی پێشەوا کردنی**



٥

**کەسایەتیی د.قاسملوو**




٦

**بۆ گەل ژیا و بۆ گەل مرد**



١٠

**بەرنامەی مووشەکیی ئێران لە سەرەتاوە تا ئێستا**



١١

**ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا**

◆ درێژەی سەروتار

## ڕێککەوتنی ئێران و چین لە پێناو چیدا؟

... بۆ داپۆشینی هەموو کەموکوورییەکان. تەحریمێک کە هۆکارەکەی تەنیا پڕکێشیی خۆیان بوو لەسەر درێژەدانی سیاسەتە هەڵەکانیان و سەرەڕای هاوار و ئەم لاوئەولاکردن هێشتاش ڕێگەچارەیەکی بۆ نەبیندراوەتەوە.

ئێستا سەیرە لە دۆخێکی وادا بە پشتگوێخستنی دروشمی بێ بنەمای نە شەرقی نە غەربی کە خومەینی خستیە سەر زاری خەڵک و هەتا ئێستاش لەسەر دەرکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەک نمادێک لە سیاسەتی ڕەسمیی حکوومەت ماوەتەوە و ساڵانێکە دەهۆڵی پێ دەکوتن، هەڕاج کردن و بە تاڵانبردنی سەرمایەکانی وڵات بە پڕۆژەیەکی ستراتیژیکی میللی ناو دەبەن و دەیانەوێ بە زۆر بە سەر خەڵکی ئێرانیدا بسەپێنن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باش تێگەیشتوون کە سەرەڕای ئەو درشمەیان دەبێ هەوڵ بدەن لە نێوان شەرق و غەربدا بەلایەکدا دایشکێنن. ئاساییشە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتێکی شەرقیی وەک چین کە وەک خۆیان حکوومەتێکی یەکدەست و سەرەڕۆی هەیە حاسانتر بێ هەتا غەربێک کە هەر ڕۆژەی کێشەیەکیان بە ناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤەوە بۆ دەخاتە بەرچاو و لە داهاتووشدا دەتوانێ ببێتە بەڵای گیانی نیزامەکەیان. هەرچەند لەنێو دۆستە دەسەڵاتدارە شەرقییەکانیشیاندا، لایەنێکی دیکە کە لەوانەیە بێتەفاوەت نەبێ بەرامبەر بەم پڕۆژەیە ڕووسییەیە کە لە تەواوی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە جۆرێک لە پاڵ ئێراندا بووە و لە زۆر بواردا هاوکاریی کردووە.

دیارە هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی باسی ئەم ڕێککەوتنە کە ماوەی شەش ساڵ بوو بە نهێنی مابووەوە، نەتەنیا لە نێوان بەشدارانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت لە زۆر لە شوێنەکانی ئێران بە تایبەت شارە گەورەکانی وەک ئێسفەهان و کەرەج و تاران، دەنگی ناڕەزایەتیی ئەوانەی دەزانن کە ئەم جۆرە پڕۆژانە تەنیا لە خزمەت دەسەڵاتدایە و هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێران تێدا نییە، کەوتە نێو شەقام و لەدژی ئەم وڵاتفرۆشییە هاواریان بەرز کردەوە. سەیر ئەوەیە وتەبێژی دەوڵەتی ڕووحانی کە دەرکەوت بۆ کۆتایی پێهێنان بە ڕێککەوتنەکە ئێعتبارێکیان بۆ دانەندرا و چین داوای نوێنەری ڕێبەریی کردبوو بۆ تەواوکردنی وتووێژەکانیان و گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی دەڵێ: «ئەم کارانە درۆ و تەبلیغات لە دژی ئێران و عەمەلیاتی ڕەوانی لەدژی ئێرانە». بەم جۆرەش ئاشکرای دەکا کە ئێران وڵاتێک نییە بۆ هەموو خەڵکەکەی و پێویستی بە بۆچوونی ئەوان نییە، بەڵکوو تەنیا کۆمەڵێک ئەویش لەنێو دەسەڵاتداراندا بە خاوەنی ئەم خاکە دەزانێ و حەقیان پێ دەدا کە هەرچییەکی بیانەوێ بەسەری بێنن. ئەویش لەگەڵ وڵاتی چین کە بە پێچەوانەی ئیدعای ڕێژیم لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەردوولا، هەتا ئێستا شتێک بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هیچ وڵاتێک لە سیاسەتیاندا بەدی نەکراوە و بێگومان ئەم کارەشی تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی چین و بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی زۆر لەو پێوەندییەدایە. هەر بۆیە ناحەق نییە کە زۆر لایەن ئەم ڕێککەوتنەیان بە ڕێککەوتنی تورکمانچای شوبهاند و باوەڕیان وایە کە لە دووبارەبوونەوەی مێژوودا و بە هۆی شکستی حکوومەت ئەگەر ئەودەم بەشێک لە خاکی ئێران فرۆشرا، ئەمجارە هەموو سەرمایەی ئێرانیان لە پێناو مانەوەی حکوومەتدا فرۆشتووە.

ئێستا بۆ ئەوەی شکستی کۆماری ئیسلامی زیاتر بخەینە بەرچاو و ئەگەر تەنیا بەراوردێکی بچووک بکەین لە نێوان دوو وڵاتی ڕەقیب لە ناوچەدا ئەوە ڕوونتر دەردەکەوێ. بۆ وێنە لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمتیازێک دەدا بە دەوڵەتی چین بۆ وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری ئەویش دیار نییە چەند و چۆن دەبێ، و بەلەبەرچاوگرتنی ژێرخانی ئابووری و توانای ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی لەلایەن ئێرانەوە کە ئێستا ساڵانە تەنیا دەگاتە یەک میلیارد دۆلار، قسە لە وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری چین لە ماوەی ٢٥ ساڵدا دەکرێ. شتێک کە لە ڕوانگەی زۆر لە شارەزایانەوە وەک خەیاڵ دێتە بەرچاو. بە تایبەت بۆ وڵاتێکی وەک چین کە لە کێبەرکێی ئابوورییەکانیدا زۆرتر چاوی بڕیوەتە وەدەستهێنانی بازاڕی مەسرەف و کردنەوەی دەرگای وڵاتانی جیهان بە ڕووی بەرهەمەکانیدا. لە بەرامبەردا پاشایەتیی سعوودیە بڕیار دەدا لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٣٠٠ میلیارد دۆلار تەرخان بکا بۆ خزمەتکردنی جۆراوجۆری وەبەرهێنانەکانیان لە نێوخۆی وڵاتدا. هەروەها دەبینین عێراق کە ئێران بە بەشێک لە هاوپەیمانە ستراتێژییەکانی خۆی داناوە بەڵێن دەدا کە یارمەتییەکی ٣٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ وەبەرهێنان لە ژێرساختی ئابووری ئەو وڵاتەدا بکا. ئەمەش دەتوانێ نموونەیەکی بەرچاوبێ لە شکستی کۆماری ئیسلامی لەچاو ڕەقیبەکانی لە ناوچەدا. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕووحانی سەرۆککۆماری ئێران وەک درۆکانی پێشتری ڕادەگەیەنێ کە، «لە حاڵێکدا هەڵدانی ئابووریی دنیا ٣،٤ دەهەم مەنفییە، ئابووری ئێران هەڵدانی موسبەتی ٢ لە سەدی بووە لەم ساڵدا».

بەمجۆرە بە دوور لە هەموو بابەتێک، دەردەکەوێ لە بیری ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەمە دەتوانێ هەوڵێک بێ بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و ڕێگە چارەیەک بۆ پێشگرتن لە کەوتنی یەکجاری نیزامەکەیان بەبێ گرینگیدان بە دەسکەوتە ئابوورییەکەی. نیزامێک کە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی گشتی خەڵکی وڵات بووەتەوە و بە تەواوەتی متمانەی خەڵکی لەدەست داوە و بەدوور نابیندرێ بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان کێشەی گەورەیان بۆ دروست بکا.

***

خالید عەزیزی:

# جووڵانەوەی سیاسیی کورد و زەرفییەتە بەربڵاوەکەی ئێعتبارێکی تایبەتیان بە پرسی ڕەوای کورد بەخشیوە




**کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین وتووێژی خۆیدا کە "کورد کاناڵ" لەگەڵ بەڕێزیان کردوویەتی، تیشکی خستووەتە سەر پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێستای ئێران و کوردستان. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو دیمانەیەدا کە لە بەشی فارسیی "کورد کاناڵ"دا بڵاو بوویەوە، سیاسەت و ڕوانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەهەمبەر ئەو مژار و بابەتانە باس کردووە.**

**"کوردستان" هەوڵی داوە پوختەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی کاک خالید عەزیزی کە لەم دیمانەیەدا قسەیان لەسەر دەکا، لەگەڵ خوێنەرانی هاوبەش بکا.**

### ڕیشەی کێشە و ئاریشەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران

بەشی زۆری کێشەکانی ئێران ڕەگ و ڕیشەیان لە مێژووی ئەم وڵاتەدایە. لە شۆڕشی مەشرووتەوە بزووتنەوەی سیاسی لە ئێران بەدووی چێکردن و سەقامگیریی دێموکراسییەوە بوو، بەڵام پاش ماوەیەک نیزامی سەرەڕۆ و ئیستبدادیی پاڵەوی باڵی بەسەر ئێراندا کێشا. ئەگەرچی لە سەردەمی "موسەدیق"دا کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران کرانەوەیەکی ڕێژەیی بە خۆیەوە بینی، بەڵام تەمەنی ئەو کرانەوەیە بەهۆی کودەتا و زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری کورت بوو. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوییش لەسەر بەستێنی ویست و داوا دێموکراتیکەکانی خەڵک کرا، بەڵام دیتمان کە ئەویش بەلاڕێدا برا و دیکتاتۆریی مەزهەبیی لێ کەوتەوە. بۆیە دەکرێ ئەم ئاکامگیری و پرسیارەش بکرێ کە لەبەرچی بزووتنەوە دێموکراسیخوازییەکان لە ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتوو نەبوون؟ ئەمە خەسارناسیی وردی دەوێ و هاوکات دەبێ نەخشەڕێی تیپەڕین بۆ ئێرانی داهاتوو بێ. ئەو ئەرکەش بە ڕوونی دەکەوێتە سەرشانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی.

### کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا

کورد لە ئێران لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەنیسبەت چارەنووسی خۆیان و وڵاتەوە کەمتەرخەم نەبوون و بەپێی قورسایی خۆیان تێکۆشاون شوێنپەنجەیان بە ڕووداوەکانەوە هەبێ.

کورد لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە و لەکاتێکدا کۆماری خۆی پێکهێنابوو، سەرکۆمارەکەی هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە ڕێگای دانوستان و وتووێژەوە ئەزموونی دێموکراسیی ساوای کۆماری کوردستان و دەسەڵاتی قانوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هاوبەش بکا؛ مخابن تاران گوێی لێ نەگرت. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی کوردەکان کە بەشدار و هاوبەشی شۆڕش بوون و بەو پێیە ویست و داخوازی سیاسی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی خۆیان هەبوو، هەوڵیان دا لە ڕێگەی دانوستانەوە ئەم مافانە وەدی بێن. هەر ئەوکات لە کوردستان کەشێکی کراوەی دێموکراتیک هەبوو، حیزبە سیاسییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ یەکتری لە ڕێگەی دامەزراوە دێموکراتیکەکانەوە ئیدارەی کوردستانیان دەکرد و ئەمجارەش دەکرا ئەزموونی دێموکراسیی کوردستان بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران بگوازرێتەوە، بەڵام ئەمجارەش لەجیاتی بەنموونە وەرگرتن و لێفێربوون، هێرشی سەربازیی کرایە سەر و جارێکی دیکەش سەرکوت، گرتن، ئێعدام و بەگژداچوونەوەی توند و خوێناویی ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان بوو بە سیاسەتی ڕەسمیی تاران.

پرسی دێموکراسیخوازی و شوناسویستیی کورد لە ئێستادا قۆناخێکی پتری بڕیوە. ئاستی تێگەیشتن و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەوەندە لەسەرێیە کە لە ئاستی ئێراندا دەکرێ بە نموونەی بێنیەوە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد زۆر باش توانیویەتی مێتۆدی خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە کوردستاندا نەهادینە بکا و هەمیشە هاندەری ڕەگاژۆکردنی ئەو شێوە خەباتە بووە. چونکی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی کە پێی خۆشە هەموو شتێک بخاتە ڕەهەندی توندوتیژەوە. کۆماری ئیسلامی نایەوێ خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە کۆمەڵگەدا بیچم بگرێ، چونکی لەئەگەری بەهێزبوونی ئەم خەباتەدا ئیدی توانای دابەزاندنی سیناریۆ ئەمنیەتییەکانی لەکەمی دەدا، بۆیەشە لە هەموو جێیەک کە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی ڕەهەندی مەدەنی و جەماوەری بەخۆیەوە دەگرێ؛ بە ئانقەست و بە پلان و پیلانیش بووبێ هەوڵ دەدا بەرەو توندوتیژیی بەرێ.

حیزبی دێموکرات لە چوار دەیەی ڕابردوودا پێشەنگی ئەو خەباتە و بەمێتۆدکردنی لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا بووە، هاوکات هەوڵی داوە بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەریی کوردستان هاوتەریب و شانبەشانی بزووتنەوە سیاسی و ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکان بچێتە پێشێ و پێوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبێ.

### کۆماری ئیسلامی و چارەنووسی خەڵک

ئەزموونی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەری دەخا کە ئەم ڕێژیمە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی نییە. کۆماری ئیسلامی بە ڕوانینی ئیدۆلۆژیک لە هەموو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێران دەڕوانێ و نایهەوێ هیچ کرانەوەیەک لە بەرژەوەندیی ویست و داوا مەدەنی و دێموکراتیکەکانی خەڵک ڕوو بدا. ئەم ڕێژیمە لەلایەک خۆی هۆکاری هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکە و، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی سەرکوت و هەروەها مودیرییەتکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان خەڵک بە کێشەی ڕۆژانەی گرانی و کار و بازاڕەوە سەرقاڵ بکا بۆوەی نەپڕژێنە سەر پرسە سیاسییە گرینگ و هەستیارەکان. هاوکات کۆمەڵگەی جیهانییشی بە مەسەلەی "بەرجام"ەوە سەرقاڵ کردووە و هەموو ئەو گەمانەش بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی دەباتە پێشێ.

لە ئێستادا کۆڕاییەکی گشتی لەهەمبەر ئێران هەیە کە بە هۆکاری نائەمنی و ناسەقامگیریی ناوچە و تەنانەت دنیاش دادەنرێ، بۆیە وڵاتانی زلهێز و خاوەنبڕیار لە چوارچێوەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دەیانەوێ سنوور و چوارچێوەیەک بۆ ئێران دابنێن کە "بەرجام" یەک لەوان بوو. ئێستاش کە باس لە ڕێککەوتنێکی دی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکرێ، بێگومان پێگەی سیاسی و هێزی ئێران کە لەچاو پێش بەرجام_١٣٩٦ لاوازترە و لێرەدایە کە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی ئۆپۆزیسیون. ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە نەیەڵین ڕێژیم پرسی بەرجام و پڕۆژە ئەتومییەکەی وەک کارتێک بۆ مانەوەی پتری خۆی بەکار بێنێ و لەو پێناوەدا خەباتی جەماوەری و ئازادیخوازیی نێوخۆی وڵات و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە بارمتە بگرێ. هەوڵی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و پێوەندییەکانمان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بڵێین کە کێشەکانی ئێران تەنیا لە بەرجام و بەرنامە ئەتومییەکەیدا نەبینن. کێشەی بنەڕەتیی ئێران لە نێوخۆی وڵاتە و ئەگەر دەتوانێ بۆ هەمیشە لە کۆڵ کێشەخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی و بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکەی و پشتیوانیی ئەو ڕێژیمە لە تێرۆریزمی دەوڵەتی ببنەوە، دەبێ لێگەڕێن ئەم ڕێژیمە نەمێنێ، چۆن! کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕوا و دەڕووخێ؟ بێگومان بە پشتیوانیکردن لە خەباتی مەدەنی و جەماوەری و ئازادیخوازیی نێوخۆی وڵاتە کە دەکرێ خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانییش لەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و دژەمرۆییە ڕزگاریان بێت. بەتایبەت لە ئێستادا کە ئەم ڕێژیمە هەم بەهۆی گوشاری سزا ئابوورییەکان و هەم لە ئاکامی سیاسەت و گۆڕانکارییەکان لە ناوچەدا پتر کەوتووەتە تەنگانەوە.

### پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە سەدەی ڕابردوودا هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناوە و لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی. بۆ نموونە کوردەکان لە عێراق مێتۆدی خۆیان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتەدا بووە و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەرکام بە شێوەیەک جووڵاونەتەوە. بەڵام بەگشتی چارەسەری پرسی کورد لە هەرکام لەو وڵاتە پێوەندیی بە نیزامی سیاسی و گۆڕانکارییە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتانە بووە. ئێستا پرسی کورد لە قۆناغی دوای داعشدا جۆرێکی دیکەیە. کوردەکان لە سووریە فاکتەرێکن لە دروستکردنەوەی ئەم وڵاتەدا و ئیدی ناکرێ پشتگوێ بخرێن و وەک جاران سەرکوت بکرێن. لە عێراق کوردەکانی باشوور بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا خاوەن کۆمەڵێک مافی سیاسی، هەوێتی و مەدەنین و لە تورکیەش پرسی کورد گرینگیی خۆی هەیە. لە ئێرانیش پتر لە چوار دەیە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە سڕینەوە و حاشاکردن لە پرسی کورد و سەرکوتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ئاکامی پێچەوانەی بۆ ڕێژیم بووە. ڕێژیم بە سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان، بە تێرۆری ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد، بە تەقاندنەوەی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمب و مووشەک و، لە ڕێگەی پیلانی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و، بە کەلکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێکی دەوڵەتی و حکوومەتی هەوڵی داوە شتێک بە ناوی پرسی کورد و مافخوازیی کورد نەهێڵێ. کەچی ئەوەی بەردەوام گەشەی کردووە و بەرەوپێش چووە، شعووری نەتەوەیی کورد و ئاستی بەشدارییان لە خەباتی مافخوازی و شوناسویستییاندا بووە.

ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەیویستووە بۆ چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی دی لە ئێراندا

درێژە بۆ لاپەڕەی ٤

# به یەکیەتی و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردە کە ڕوحی شەهیدانمان ئارام دەگرن

## (پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان)



**بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان!**
**کادر و پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**
**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

ئەمرۆ لە سەر گڵکۆی شەهیدان کۆ بووینەوە، تا ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لەگەڵ بەشێک لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، هاوسەنگەرە بە وەفاکانی شەهیدان، واتە کادر و پێشمەرگەکان، بەرێوە بەرین و لە بەرانبەر ڕوحی نەسرەوتووی شەهیدان و گڵکۆی بەگوڵ ڕازاوەی شەهیداندا سەری ڕێز دانوێنین و بە دەنگێکی بەرز پەیمان تازە کەینەوە کە هاوسەنگەر و ڕێبواری ڕێگای تا سەری شەهیدان بین.

**هاوسەنگەران!**

پێشەوا قازی محەممەدی نەمر لە ماوەی کەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا گەلێک دەسکەوتی بۆ گەلی کورد دەستەبەر کرد، بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار کەم بوو، و نەکرا گەلی کورد لە بەروبووی دەسکەوتەکان بە ئاسوودە بژی و بحەسێتەوە. بەشێک لەم دەسکەوتانە بریتی بوون لە پێکهێنانی سوپای کوردستان، بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی و بەکار هێنانیان لە قوتابخانەکان، ناردنی ژمارەیەک خوێندکار بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ خوێندن، بەشدارکردنی ژنان لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، گرینگیدان بە چاپەمەنی و ئازادیی ڕادەربڕین و گەلێک دەسکەوتی دیکە. ئەم دەسکەوتانە بۆ ئەوە بوون کورد لە بەری بحەسێتەوە، بەڵام بۆ چەسپاندنی ئەم دەسکەوتانە مەودا کەم بوو، تەنیا ١١ مانگ بوو، کە وابوو نەیانهێشت کورد بە ئاواتە لەمێژینەکانی بگا، بەڵام ئەم دەسکەوتانە لە تاریخی گەلی کورددا تۆمار کرا و لە زێهنەکاندا چەسپی و لە ڕاستیدا بەرچاو ڕوونی و ڕێگا و زێهنییەتێکی ئەرێنیی بە گەلی کورد دا، کە کورد دەبێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و وەک نەتەوە سەربەستەکانی سەرزەوی، خاوەن زمانی زگماکی و خاوەن سەروەری و کیان و نیشتمانی خۆی بێ.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

دوژمنان و ڕێژیمە سەرەڕۆکان چاوی دیتنی بەختەوەری و سەرکەوتنی کۆماری کوردستانیان نەبوو، هەربۆیە حەمەڕەزا شا دەستووری گرتن و ئیعدامی قازی محەممەد و هاوڕێیانی دا و پاش دادگایییەکی ڕواڵەتی لە ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای مهاباد لە سێدارەی دان، بەو ئامانج و هیوایەی کە کوردی پێ چاوترسێن بکا و دەنگی مافویستانەی کپ بکا و دەرفەتی هەستانەوەی دووبارەی لێ بستێنێ. بەڵام نەیانزانی، ئەگەر سەری ڕێبەرێک لێ بدەن، نەتەوەیەک نامرێ و بە پێچەوانە ڕیشەی لەسەر خوێنی شەهیدان شین دەکاتەوە، کورد بەم جۆرە ڕووداو و کارەساتانە بەچۆکدا نایە، بەڵکوو وەک نەریتی هەمیشەیی ڕێگای گەورە پیاوانی وەک قازییەکان بە لێبراوی درێژە دەدا.

لەو ڕۆژە و لەو ڕووداوە ٧٤ ساڵ تێدەپەڕێ. ئەگەر١٠ی خاکەلێوە ڕووداوێکی گەلێک پڕ ئێش و ئازار بوو، و لە مێژووی گەلی کورددا وەک بیرەوەرییەکی ناخۆش سەیری دەکرێ، هەروەها ئەگەر ڕۆژێکی دڵتەزێن بوو بۆ سەرجەم گەلی کورد، لە بەرانبەردا ڕۆژی وشیاربوونەوە و وەخۆ هاتنەوەی زیاتری گەلی کورد بوو لەسەر ماهییەتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان بە تایبەت ڕێژیمی سەرەڕۆ و بەستراوە بە بێگانەی وەک حەمەڕەزا شای پەهلەوی و مۆرەکانی دەورووبەری.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

بۆچی حیزبی دیمۆکرات ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کردووە؟

یەکەم شت ئەوەیە: لەم ڕۆژەدا یەکەم سەرکۆماری کوردستان، قازی محەممەد و هاوڕێیانی سەدری قازی و سەیفی قازی لە پێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلی کورددا، لە لایەن ڕێژیمی حەمەڕەزا شاوە ناجوانمێرانە لەدار دران و شەهید کران.

دووهەم شت ئەوەیە: بۆ ڕێزگرتن و وەفاداری و ئەمەگناسی دەربڕین لە بەرانبەر گیانبەختکردوویی ئەو جوانمێرە شەهیدانەی کۆمار و بەهۆی ئەوەی زۆر لەو ڕۆڵە قارەمان و میراتگرانەی کۆماری کوردستان هاتنە مەیدان و شەهید بوون، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی شەهیدان ناودێر کراوە. چونکە ئەم شەهیدانە ڕێچکەگر و ڕێبواری شەهیدانی ١٠ خاکەلێوەن کە ئاگاهانە و بوێرانە و بە سەخاوەتەوە گیانیان پێشکەشی بارەگای سەربەستیی گەلی کورد کرد.

هاومەتەرێزانی شەهیدان لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ڕوح و خوێنی هەموو شەهیدانی کوردستان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیی نێو زیندانەکان کە چاوەڕوانی حوکم و سزای بەناحەقن، عەهدیان بەست بە ڕێگا و ئامانج و ئاواتی وەدینەهاتووی هەموو ئەو مرۆڤە نەترس و بەباوەڕانە وەفادار بن و ئەوەشیان بە کردەوە و بە خوێنی خۆیان سەلماند.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە ماوەی زیاتر لە ٤٢ ساڵ حاکمییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ نییە شاهیدی ڕەفتار و کردەوەی قێزەون و جینایەتکارانە و پێشێلکردنی بەها ئینسانییەکان نەبین و _هەر لەو سەروبەندەشدا شاهید بووین_ ڕۆژ نییە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ چاوترسێنکردن، ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی و ژینگە پارێزی، ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووس، ئەدیب و نووسەر، چالاکی سیاسی و دەروەست قۆڵبەست نەکا و ڕەوانەی زیندانەکان نەکا و ئەشکەنجەی ڕوحی و ڕەوانییان نەدا و حوکمی قورسیان نەداتێ و سزای ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ نەکا. بەردەوامی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیە بۆتە هۆی ئەوە دادگای لاهە بە بەڵگە ژمارەیەک لە کاربەدەستانی گرینگی ڕێژیم بانگ بکا بۆ وەڵامدانەوە بە تاوانی جینایەت دژی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ.

**هاوڕێیان!**

لە لایەک گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد و گەلی بەلوچ بە تایبەتی لە چنگ ناعەدالەتی، بێکاری و گرانی لە ڕادەبەدەر و ئاوسانی دراوی و نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان و کوشتنی کۆڵبەران و سووختبەرانی بەستەزمان و بێدەرەتان، پەرەپێدان بە دیاردە نەخوازراوەکان وەک ئیعتیاد و شتی لەو بابەتە وەزاڵە هاتوون و لە لایەکی دیکەوە گوشار و تەحریمی نێونەتەوەیی بە تایبەت تەحریمی ئابووری ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر شان و پیلی گەلانی ئێران قورسایی دەکا و خەڵکی هیلاک کردووە و دەسەڵاتداران هەروا بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات لاسارانە درێژە بە کردەوەی ناپەسند دەدەن و بۆ وەپشت گوێخستن و وەڵامنەدانەوە بە داوای ڕەوای کۆمەڵانی خەڵک، لە بواری نێودەوڵەتییەوە کێشە و کەیسی ئەتۆمییان گەورە کردۆتەوە و وا بە بیروڕای جیهانی دەگەیەنن کە لە ئێران هیچ کێشەیەک لە گۆڕێدا نییە بێجگە لە کێشەی ئەتۆمی. لە کاتێکدا ئێران تەژی لە کەموکوری و بەدبەختی و هەناسەساردییە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەردەوام کێشەی ئەتۆمی وەک کارتێک بەکار دێنێ بۆ ئەوەی بیروڕاکان بە لاڕێدا بەرێ. ئیدی ئەم تەرفەندانە لە ڕادەی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا کارایییان نییە و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ماهییەتی دژی ئینسانیی حاکمانیان بۆ ڕوون بۆتەوە. هەربۆیە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم بەردەوام خەریکی دۆزینەوەی نەخشە و پیلانی تازەن. هەرچەند بەدوای کوژرانی قاسم سلێمانی تا ڕادەیەک ناوچە ڕووی ئەهوەنی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام دیسان کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست درێژە بە سیاسەتە چەوتەکانی دەدا و دەست لە گێرەشێوێنی و یارمەتیدان بە دۆستانی لە وڵاتانی ناوچە هەڵناگرێ. هەموو ئەو هەوڵە دژە ئینسانیانەشی بۆ ئەوەیە کە پایە لەرزۆکەکانی دەسەڵاتی خۆی قایم بکا و ماوەیەکی دیکەش درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. بەڵام نازانی شەپۆلی پڕ لە قینی پەنگخواردووی خەڵک بەڕێوەیە و ئەوەندە بەهێزە کە ڕیشە و بنیادی ئاخوندان لەبن دەردێنێ.

**خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان**

گەلی کورد بۆ ئەوەی لەو هەموو نەهامەتی و بێعەداڵەتییە ڕزگاری بێ و نیسێی شوومی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە لەسەر خۆیان لا بەرێ و ڕەوانی گشت شەهیدانی کوردستان شاد و ئارام کاتەوە، دەبێ:

**ئەلف:** ئەو ڕێژیمە کە لە نێوخۆ و لە ڕادەی نێونەتەوەیی و جیهانی و ناوچەییدا ئیعتباری نەماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پایەکانی دەسەڵاتی لەرزۆک دەبێ و لەوەش گرینگتر ناتوانێ بە سەخاوەتەوە وەک ڕابردوو یارمەتیی حیزبە تێرۆریست و دۆستە کۆنەپەرەستەکانی لە گوێن خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بدا، لەو هەلومەرجەدا، با پێکەوە یەکڕیزیی نێوماڵمان بەهێز بکەین و بە یەکگرتوویی و بە هەر شێوەیەکی گونجاو خەبات و بەربەرەکانییەکانمان ڕێک بخەین و لە دژی دوژمنەکانمان هەڵوێست بگرین. ئەو کاتە هەم سەر دەکەوین هەم ڕوحی شەهیدان ئارام دەبێ هەم خەڵکی کوردستان ئافەرین و دەستخۆشی دەنێرن بۆ ئەم یەکگرتن و یەکڕیزی و یەکهەلوێستییە.

**ب:** ئەمرۆ ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. هەموو شەهیدەکان لە پێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلی کورددا گیانیان بەخشیوە، با بێ فەرق و جیاوازیدانانی سازمانی، لە ڕیزی یەکگرتوودا پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدانی کوردستان تێبکۆشین، سەردانی گڵکۆی شەهیدان بکەین و بە شاخە گوڵێک وەفاداریی خۆمانیان بۆ دەربڕین و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیی نیشتمان، بەڵێنیان پێ بدەین تا سەر ڕێبواری ڕێگایان بین و سەردانی بنەماڵەکانیان بکەین و منداڵە نازلێشواوەکانیان بلاوێنینەوە. ئەوکاتەیە کە خەڵکی کوردستان خۆشحاڵ دەبن و سەری ڕێز بۆ ئەم کردەوە ئینسانیە دادەنوێنن و ڕەوانی نەسرەوتووی شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدانیس ئارام دەکەنەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لەم ڕۆژەدا (١٠ی خاکەلێوە) جارێکی دیکە لە بەرانبەر هەر کۆ و دەوەن و لێرەوارێک کە تەرمی شۆڕەلاوێکی پێشمەرگەی لەخوێندا شەڵاڵی شەهیدی لێ نێژراوە، هەروەها لە بەرانبەر خەبات و چالاکیی بەردەوامی هاوسەنگەرانی شەهیدان، پێشمەرگەکانی کوردستان سەری ڕێز دادەنوێنین و بە ڕێزەوە و بەچاوی پر لە ئومێدەوە دەڕوانینە داهاتووی زێڕینی نەتەوەکەمان و خەباتی حیزبەکەمان. بێگومان کورد تا خاوەنی ئەو هەموو شەهیدە سەربەرزە و ئەو بزووتنەوەیە بێ، بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگا.

سڵاو لە ڕوحی پێشەوا قازی محەممەد، سەرقافڵەی شەهیدان،

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای سەربەستی و ئازادی،

سڵاو لە بنەماڵەی سەر بەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.

**کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی سەلاح مێهرپەروەر

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک سەلاح مێهرپەروەر، کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی هاوخەمیی خۆی ڕوو بە بنەماڵەی کاک بابا عەلی مێهرپەروەر بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:


**بەڕێز کاک بابا عەلی مێهرپەروەر!**

هەواڵی کۆچی دوایی کاک سەلاح مێهرپەروەر کوڕی گەورەی جەنابتان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە هەموومانی خەمبار کرد.

کاک سەلاح ساڵانێکی دوورودرێژ وەک کادرێکی بەمشوور لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی کرد و بە خەمخۆرییەوە ئەرکە پێسپێردراوەکانی جێبەجێ دەکرد.

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وێڕای دەربڕینی خەم وپەژارەی خۆمان بۆ کۆچیدوایی کاک سەلاح سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی جەنابت و سەرجەم بنەماڵەی بەڕێزتان دەکەین وخۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**



# وێبیناری کۆمیتەی سوئێد بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خاکەلێوە کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێبینارێکی بە بەشداریی بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی، بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە برد.

ئەم وێبینارە بە وتەیەکی کورتی کاک محەممەد ئیسماعیلی دەستی پێکرد و پەیامی کۆمیتەی سۆئێد بەم بۆنەیە لەلایەن خاتوو کوێستان بابایی، بەرپرسی ئەم کۆمیتەی حیزبییە خوێندرایەوە.

خاتوو کوێستان لە بەشێک لە پەیامەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە پێشەوایان لە سێدارە دا، بەڵام بیر و هزری پێشەوا کە یەکیەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و خەباتی هەمە لایەنە لە پێناو دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی بوو؛ هەروەک خۆی ماوەتەوە و ڕۆڵەکان و میراتگرانی ڕێبازەکەی لە پێناویدا تێدەکۆشن.

لە درێژەی وێبینارەکەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەژێر ناوی «خوێندنەوەیەک بۆ هزر و کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە ٧٤ ساڵەی شەهیدکرانیدا»، باسی لە هەوڵەکانی پێشەوا قازی محەممەد و ڕۆڵی بەرچاویان لە دامەزراندنی یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی دیکەی کۆمار کرد.

کاک عومەر باڵەکی لە درێژەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ورەی لەبننەهاتووی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەرچەند ڕێژیمی لەنێوچووی پەهلەوی بە لەنێوبردنی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی پێی وابوو دەتوانێ کۆتایی بە خەونی ئازادی کوردستان بێنێ. بەڵکو ٧٤ ساڵ پاش لە لە سێدارەدانیان، گەلی کورد لە تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کۆڵی نەداوەو تا کۆتایی ڕێبواری ڕێگەیان دەبن.



درێژەی:

# دیمانە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب

تێبکۆشێ، بەڵام چ ئێستا و چ لە داهاتوودا پرسی کورد ئی ئەوە نییە پشتگوێ بخرێ و نەبیندرێ. بزووتنەوەی کورد و زەرفییەتە هەراوەکانی ئەم جووڵانەوەیە لە نێوخۆی وڵات و بەرجەستەبوونی پرسی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئێعتبارێکی دیکەی بەو بزووتنەوە ڕەوایە داوە. هەروەها ئەو پەیامەشی تێدا دەخوێندرێتەوە کە هەتا پرسی کورد و بە لە تەواوەتیی خۆیدا پرسی نەتەوەکان لە ئێران چارەسەر نەکرێ و ئێران لە ڕێگەی تێپەڕینی دێموکراتیکەوە بەرەو داهاتوو هەنگاو نەنێ، ئەم وڵاتە ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ.

**سیاسەت و ویژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت داهاتووی ئێران**

ڕوانین و نەخشەڕێگای ئێمە (حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد) بۆ ئێرانی داهاتوو تەواو ڕوونە. ئێمە پێمانوایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، نیزامێکی سیاسیی وەک فیدرالیزم یان هەرچەشنە مێتۆدی لامەرکەزی کە دەستەبەری هاوبەشیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بکا دەتوانێ، دەتوانێ یارمەتی بە مانەوەی ئێران وەک وڵاتێک لە چەشنی ئێستادا بکا. هەر لەو سۆنگەیەشە کە دەڵێین پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران پێویستە وەک دەرفەت ببیندرێ نەک ترس و هەڕەشە.

ئێمە لە ئێستادا پێمانوایە فیدرالیزم باشترین چارەسەرە، بەڵام بێگومان گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەی مامەڵە و وەڵامدانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی داهاتووی ئێران لەسەر چەندیوچۆنیی سیاسەتی ئێمە شوێنیان دەبێ.

ئێمە لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبەکەماندا وەک بژێرەیەکی بەردەم کورد باسمان لە ڕێفڕاندۆم کرد. چونکی کاتێک کۆماری ئیسلامی حاشا لە بوونی پرسی کورد دەکا و بەدووی هیچ چارەسەرێکەوە نییە، کاتێک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن ئێستاش بە ڕوانگەی ئەمنیەتی و شوێنستییەوە لە پرسی نەتەوەکان لە ئێران دەڕوانن، کاتێک ئێمە دەڵێین چارەسەری پرسی کورد وتوویژ و دانوستانە بەڵام تێرۆر دەکرێین، کاتێک کار لەسەر خەباتی مەدەنی و دێموکراتیک دەکەین بەڵام مووشەکمان تێدەگیرێ، دەی سروشتییە کە کورد بیر لە بژاردەی دیکەش بکاتەوە. بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش تێرۆرمان بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە و هەر لەسەر دروستکردن و ئیدارەدانی هاوبەشی ئێران پێمان داگرتووە.

مەسەلە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە وێنایەکی دی لە جووڵانەوەی کورد دەکا و ئێستا ئیدی ئەوە ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییە غەیرە کوردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە نەک هەر نەکەونە داوی پروپاگەندەی ڕێژیم، بەڵکوو لە هەمبەر سیاسەتی دژەکوردیی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستیان هەبێت.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە مەزارگەی شەهیدانی حیزبی دێموکرات



ڕۆژی دووشەممە ٩ی خاکەلێوە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و بەشێک لە بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە مەزارگەی شەهیدان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەردەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدان لا دا. هەروەها کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفای لە سەر گۆڕی شەهیدان دانا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا و لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا بەشداربووان سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و بە دانانی چەپکەگوڵ لەسەر مەزاریان بەڵێنیان دا تا گەیشتن بە ئازادی و ئامانجی شەهیدان ڕێبواری ئەم ڕێبازە و درێژەدەری ڕێگای پیرۆزیان بن.

# ئەوەی پێشەوا کردنی




عومەر باڵەکی

**"پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین"**

لەمێژ ساڵە ئەو بەیتە لە شێعری شاعیری نیشتمانپەروەر پیرەمێرد وەبیرمان دێنێتەوە کە نابێ بۆ ئەو کەسانە کە شەهیدی نیشتمان و نەتەوەن بگرین و شیوەن بگێڕین، چونکە ئەوانە لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و پارێزگاری لە نیشتمان گیانیان بەخت کردووە. ئەو نەمرانە کە بە سەخاوەت و نەترسییەوە بەرەو پیری مەرگ چوون، نەک نەمردوون بەڵکوو لە دڵی میللەتێکدا جێی خۆیان کردۆتەوە و بە زیندوویی ماونەوە. هەروەها شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو دەڵێ: "... ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین و لەبەرچاوی بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین و وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین." هەموو مرۆڤێک ئەوە باش دەزانێ کە ژیانی سەربەرزانە تەنیا ئەوە نییە کە لەش بە ئاسوودەیی بژی و بە مردنیش پەکی بکەوێ، بەڵکوو ژیانی سەربەرزانە ئەو ژیانەیە کە ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤی تێدا دیار بێ و هەتا ئەو نەخش و ڕۆڵە گەورەتر و هەراوتر بێ ئەو ژیانەش گەورەتر و هەراوتر دەبێ و لە بیر و زەینی کۆمەڵگەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد یەکێک لەو کەسانەیە کە بە کار و تێکۆشان و بەختکردنی گیانی مانای بە ژیانی نەتەوەیەک بەخشی، واتە دوای شکان و نسکۆیەکی زۆری جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بەڵام بە شێوازێکی دیکە ڕوحی وەبەر جووڵانەوەی کورد نایەوە وخوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ کرد و بە پرۆژەیەکی دیکە کە بتوانی هەست و شعووری نەتەوەیی پەرە پێ بدا و سەرنجی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەو پرۆژە نەتەوەییە کە خۆی لە ئیعلانی کۆماری کوردستاندا دەدیتەوە، رابکێشی و لەو سەردەمدا لە دەوری یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە. ئەو پرۆژەیە بە ڕادەیەک جوان و ڕێکوپێک داڕێژرابوو لەگەڵ ئەوەی مەجالی سەرکەوتن و ئیدامەی حەیاتیان لێ بڕی، بەڵام ڕێباز و ئامانجی ئەو پرۆژەیە کە پێشەوا پەیکەری نەتەوەیەکی پێ نەخشاندبوو، دوای زیاتر لە سێ چارەکە سەدە هەروا بەردەوامە و لە حەرەکەت و جووڵاندایە.

لە ساڵوەگەڕی ئێعدامی پێشەوادا، باسکردن و نووسین لە سەر کار وکردەوەکانی پێشەوا هەرچەند بەکورتیش بێ، هەم ڕێز و وەفایەک بۆ پێشەوا و هەم ناساندنی هەرچی زیاتری پێشەوایە بە نەوەی نوێی کۆمەڵی کوردەواری.

پێشەوا بەو مەیل و ئیرادەیەی بە خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون هەیبووە لە ڕاستیدا توانیویەتی هەر زۆر زوو لە تەمەنی لاوەتیدا جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانە و ڕێزی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە. لە هەمان کاتدا پێشەوا کەسێکی نەترس و بوێر بووە و قەت نەچۆتە ژێر باری زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حکومەتی لە ناوچەکە، بۆیە لای دوژمنانیشی ڕێز و قورسایی تایبەت بە خۆی هەبووە.

دێموکراسی و دەستەبەری ماف پایەیەکی سەرەکیی فیکر وکەسایەتیی پێشەوا بوو، و وایکردبوو کە دوور بێ لە دەمارگرژی و شوینیزم و بە واتایەکی دیکە لە گەڵ هەموو تێکۆشانی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بۆ چرکەساتێکیش مرۆڤایەتیی لەبیر نەچۆوە و مرۆڤەکان لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک بووبن، لای پێشەوا نرخ و بایەخی ئینسانیی خۆیان هەبووە. پێشەوا بەو باوەڕەی بە دێموکراسی هەیبوو، ئیزنی نەدا کۆماری کوردستان بە لای چینێکی کۆمەڵگەدا لار بێتەوە و ئەوە ببێتە مایەی کێشە و ململانێی نێوخۆیی. بۆیە بەحەق دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان نموونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دێموکراسییە لەنێو جەرگەی ناوچەیەکی دواکەوتوو کە گیرۆدەی سیستەمە دیکتاتۆر و شوێنیستەکانە. تەناتەت ئەو شێوە لە حکومەتداری کە لەسەر بنەماکانی دێموکراسی دامەزرابوو، کۆماری کوردستانی لە حکومەتی ئازەربایجان جیا دەکردەوە. بە واتایەکی دیکە پێشەوا لە بەکارهێنانی شێوازی دیکتاتۆری بە تەواوی بێزار بوو و ئەوەندەی بۆی کرابا ڕێ و شوێنی دێموکراتیکی لە کاروباری دەوڵەتی و حیزبیدا بەکار دێنا. ئەو لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا لەسەر دێموکراسی دەڵێ: "هەوڵمان داوە دێموکراسی بکەین بە ڕێبازی کارکردنمان و هەڵسوکەوتمان لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە دێموکراسی قودرەت و قووەتی حیزبی دێموکراتە."

سیاسییەوە تاکڕەو و خۆسەپێن نەبوو، و ئەوەش لە ئیمان بە کۆمەڵانی خەڵک و بە حیزب و ڕێکخراوی حیزبییەوە سەرچاوەی گرتبوو، پێشەوا تەنانەت لە هەلومەرجی ئەو دەمیشدا هیچ کارێکی گرینگی بێ ڕاوتەگبیر نەدەکرد. هەرچەند لە باری تێگەیشتن و وریایی سیاسییەوە پایەی لە هاوکارەکانی یەکجار بەرزتر بوو، بەڵام هەروەک باس کرا بێ ڕاوێژ و ڕا وەرگرتنی هاوکارەکانی دەستی بۆ کارەکان نەدەبرد و هەوڵی دەدا هەر کارێک پێوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەبێ، دەنگی هەموو لایەکی لەسەر بێ. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانین ئیشارە بەو وتووێژە بکەین کە ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ پێشەوا پێکی هێناوە و لە وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "ئەمن بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی."

پێشەوا دەیزانی بۆ سەقامگیری و جێگیرکردنی کۆماری کوردستان پێویستیی بە بەشداری هەراوی خەڵکی کوردستان هەیە، هەربۆیە بۆ ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی ئیعلان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان لە ماکۆوە بگرە هەتا کرماشان نارد و داوای کرد هەموو شارەکان نوێنەری خۆیان بۆ کردنەوەی ڕێوڕەسمی کۆماری کوردستان بەشدار بکەن. پێشەوا بە بەردەوامی تێدەکۆشا ڕیزەکانی نێوخۆی گەل یەکگرتوو بکا، لەو ڕاستییە مێژووییە باش تێگەیشتبوو کە یەکێک لە هۆ ئەساسییەکانی شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕینەکانی کورد، نەبوونی یەکیەتیی و یەکدەنگیی نێوخۆی ئەو جووڵانەوانە بووە. پێشەوا لەو سەردەمدا لە نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان و یەکخستنیان لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو لە وتاری ڕۆژی ئیعلانی کۆماردا سەبارەت بەو مەسەلەیە ئاوا باس دەکا: "... ئیختلاف و دووبەرەکیمان نەهێشتووە و ناوی عەشیرە و تەوایف هەرچی ئەسبابی نفاق و پرش وبڵاوییە فڕێ دراوە و هەموو لایەکمان لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشین."

ئینساندۆستی و دێموکراتبوونی پێشەوا لە لێکدانەوەی نەخشی ژنان و لاوان لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. پێشەوا لەو باوەڕەدا بوو کە لەسەدەی بیستەمدا نابێ ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لە هاوبەشی لە کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتیدا بێبەش بکرێن و پێویستە ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە شان بەشانی پیاوان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکاندا بەشدار بن. هەربۆیە لەسەر دەستی پێشەوا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ژنان بوون بە خاوەنی ڕێکخراوی خۆیان و لە هەمانکاتدا شانبەشانی ڕێکخراوی ژنان، لاوانیش ئەو هەل و ... فورسەتەیان بۆ

**پێشەوا بە بەردەوامی تێدەکۆشا ڕیزەکانی نێوخۆی گەل یەکگرتوو بکا، ئەو لەو ڕاستییە مێژووییە باش تێگەیشتبوو کە یەکێک لە هۆ ئەساسییەکانی شکانی یەک لە دوای یەکی ڕاپەڕینەکانی کورد، نەبوونی یەکیەتیی و یەکدەنگیی نێوخۆی ئەو جووڵانەوانە بووە. بۆیە لەو سەردەمدا لە نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان عەشیرەتەکان و یەکخستنیان لەسەر بەرنامەیەکی نەتەوایەتی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو لە وتاری ڕۆژی ئیعلانی کۆماردا سەبارەت بەو مەسەلەیە ئاوا باس دەکا: "... ئیختلاف و دووبەرەکیمان نەهێشتووە و ناوی عەشیرە و تەوایف هەرچی ئەسبابی نفاق و پرش وبڵاوییە فڕێ دراوە و هەموو لایەکمان لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان تێدەکۆشین."**

پێشەوا هەموو هەوڵی ئەوە بوو میللەتی کورد مافی نەتەوایەتیی خۆی وەدەست بێنێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسی، قوتابخانەی هەبێ، فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆی پەرە پێ بدا و بوونی خۆی وەک نەتەوەیەک لە دنیای ئەوڕۆدا نیشان بدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیستێکی تەنگنەزەر نەبوو، بەڵکوو ئینسانیکی دێموکرات و ئازادە بوو؛ بۆیە پێشەوا لە گەڵ ئەوەدا وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی گەلی کورد دەناسرێ، لای دۆست و دوژمنیش بە کەسێکی باوەڕدار بە دێموکراسی ناو دەبردرێ.

پێشەوا لە ڕووی هەڵسوکەوت و بڕیاری

درێژە بۆ لاپەڕەی ١١

# کەسایەتیی د.قاسملوو لە ڕوانگەی د. کەماڵ مەزهەرەوە

**ئاماژە:**

**لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٣٧٨ (١٩٩٩)، بە بۆنەی دە ساڵەی تێرۆری ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو، لە لایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، داوای نووسینمان لە کۆمەڵێک کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی دۆست و ناسیاوی ئەو ڕێبەرە کرد بۆ ژمارەی تایبەت بە یادی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی. د. کەماڵ مەزهەر یەکێک لەوان بوو کە بەم نووسینە جوانە، بە دەنگمانەوە هات. د. کەماڵ مەزهەر لە ١٦ی مارسی ئەمساڵ پاش بەربەرەکانییەکی دوورودرێژ لە گەڵ نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد. بە بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە جوانەی، یادێک هەم لەو مێژوونووسە لێهاتووەی کورد دەکەینەوە، هەم ڕوانگە و بۆچوونەکانی لە بارەی د. قاسملووی شەهید دەخەینەوە بەر سەرنجی هۆگران. دەستنووسەکەی د. کەماڵ مەزهەر لەو کاتەوە وەک دۆکیۆمێنتێکی بە نرخ لای من پارێزراوە.**

**قادر وریا ٢٠٢١/١/٣١**

***

**ئەو ڕابەرەی لە گشت بوارەکاندا لێهاتوو بوو**



کەماڵ مەزهەر

بەهاری ساڵی ١٩٥٩، واتا چل ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار ناوی ئەنورەی، کە یەکێک بوو لە نازناوەکانی دوکتۆر قاسملوو، بەر پەردەی گوێم کەوت. شاگردانی بەشی کوردیی تازە کراوەیی زانکۆی بەغدا بە ڕێز و خۆشەویستی و تەقدیرێکی زۆرەوە بەو مامۆستایەیان‌دا هەڵدەدا و باسی وانە پڕسوودەکانیان دەکرد و لەو بوارەدا پلەی یەکەمیان دابووە ئەو و گۆرانی شاعیر.


هەڵبەت ناسینی ڕووناکبیرێکی وا پێشکەوتنخواز و پایەبەرز خۆزگە و ئاواتی هەر کوردێکی دڵسۆز بوو. بە هۆی برای خۆشەویست دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵەوە هەر زوو دەرفەتێکی وا بۆ من هەڵکەوت. ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەم جار لەماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی کەڕادە مریەمی بەغدا دیم، هەستم کرد قاسملوو لە گشت بوارەکاندا بەڕاستی کوردێکی کەم وێنە و کەم هاوتایە، قسەزان، قسەخۆش، نیشتمانپەروەر، زانا و دانایەکی قووڵ و دووربینە.

زۆری نەبرد بەهۆی پەتای کوشندەی "دەردە کورد"ەوە قاسملوو لە عێراق دوور خرایەوە. ئەو بڕیارە هێند بزواندمی خۆم پێ نەگیرا و وتارێکی توندوتیژم بە ناونیشانی "بۆچی"ەوە نووسی و لەوێدا زۆر بە سۆزەوە باسی لێهاتوویی بێ‌ئەندازەی شەهیدم کردبوو کە دەبوو هەمیشە دەرگەکانی عێراقی شۆڕشی گەلاوێژ لەبەردەمی‌دا ئاواڵا بێت. سەرنووسەری ئەوسای ڕۆژنامەی "ژین" ئەحمەد زرنگی نەوەی پیرەمێرد نووسینەکەی هێندە بەدڵ بوو کردییە سەروتاری ڕۆژنامەکە. وا دیارە وتارەکەم ڕقی ناپیرۆزی یەکێک لەو برادەرە کوردانەی زۆر هەڵساندبوو کە مێژووی "دەردە کورد" بە خەستوخۆڵی تێکەڵ بە خوێنی ناو گشت دەمارەکانی لەشی ببوو. زۆر بە توندی و بە ڕەقی هەر لەسەر لاپەڕەکانی "ژین" وەڵامی دابوومەوە و دەستە چەورەکەی خۆی بە قاسملوودا سووابوو، بەڵام خوا هەڵناگرێت ناونیشانێکی لەباری بۆ وەڵامە نالەبارەکەی هەڵبژاردبوو، کە ئەویش "چونکو" بوو. کاتێک وەڵامەکەی ئەو دەردە کوردادوییە چاپ بوو من گەیشتبوومە وڵاتی شووروەوی بۆ خوێندنی باڵا، قاسملووی شەهید بۆ خۆی دانەیەک لەو ژمارەی "ژین"ی لە پراگەوە بۆ ناردم بۆ مۆسکۆ و خۆی ئاسایی چەند دێڕێکی ڕازاوەی پڕ لە پەندی بۆ نووسیبووم.

پێموایە دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٦٠، یا سەرەتای ساڵی ١٩٦١ شەهید هاتە وڵاتی شووروەوی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی باسەکانی نامەی دوکتۆراکەی، ئەو ساکە منیش لەوێ بە خوێندنی دوکتۆراوە خەریک بووم. دەمدی چۆن لەناو کتێبیاندا بە وردی کنەی دەکرد، چەند ماندوونەناس بوو. هەر لەو ڕۆژانەیشدا زانیم کەم کەس لە دونیادا بە ڕادەی ئەو زمانی ڕۆژهەڵاتی و ئەورووپایی دەزانێت، وەک هەر دووک زاراوەی سەرەکیی کوردی و، فارسی و ئازەری و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕووسی و چیکی و سلۆڤاکی و هی دی. لە دانیشتنێکدا لە ماڵی خۆم لە بەغدا دیومە چۆن لەگەڵ مۆبیک (کرێس کۆچێرا)ی ڕۆژنامەنووس و خێزانەکەیدا وەک بولبول، بێ گرێ بە فەڕەنسی دەدوا و تا ئەوان بە هەر دووکیان نوکتەیەکیان دەگێڕایەوە ئەم چواری خۆشتری دەدا بە تەنگەیاندا و ئینجا هەر پێنجیشیانی بۆ ئێمە دەکرد کوردی و گشتمانی دەهەژاند. هەمیشە گوڵی سەردەستەی مەجلیس بوو، لەسەر هیچ پەکی نەدەکەوت، لەگشت بوارەکاندا- سیاسەت، مێژوو، ئەدەب و هەر بوارێکی تردا شۆڕەسواری مەیدان بوو، تەنانەت دەنگوئاوازیشی لەگەڵ باسەکاندا دەگۆڕدرا، [بۆیە] ئەوەی نەیناسیبایە نەیدەزانی ئەو کەڵە پیاوە سیاسییە، یان شاعیر و ئەدیب و زانا و مێژوونووس و زمانەوانە، چونکە ئەو ڕاستیدا هەموویانی بەسەریەکەوە بوو.

بە دەیان جار لەگەڵی دانیشتووم، کەم کەسی وا بێ فێز و پەتی و زمانپاک و ڕۆحسووکم دیوە، هەمیشە وەک گوڵە گەنمی پڕ دەچەمییەوە، بێزی نەدەهات توخنی گوڵە گەنمە پووچەڵەکان بکەوێت، لە کاتی پێویستیشدا بە خراپە باسی کەسی نەدەکرد، توانجهاوێژ و ئاگر خۆشکەر نەبوو، بە پێچەوانەوە کۆکەرەوەی دژەکان بوو، لەم بوارەدا کەس وەک ئەو وەستا نەبوو.


ژمارەیەکی زۆر لەو دیدەنییانەم خوێندۆتەوە کە ڕۆژنامەنووسانی شەرق و غەرب لەگەڵ قاسملوودا سازیان دابوو، سەرجەمیان بەسۆزەوە باسی لێهاتوویی ئەو ڕابەرەیان لە گشت بوارەکاندا کردووە و وەک سەردارێکی دووربین و دێموکراسی‌خواز و ئازا و لەخۆبوردوو و سەرڕاست و ئاشتی‌خواز و ئەدەب‌دۆست و قسە خۆش باسیان کردووە. گشتیان بە هەگبەی پڕ لە زانیاریی ورد و دەگمەن و خۆشەویستییەکی زۆرەوە ماڵئاواییان لێی کردووە. ئەوەی کریس کۆچێرا و خانمی هاوسەری و "هدی الحسینی" و زۆریتر دەربارەی قاسملوو دەیڵێن مایەی شانازییە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر. بریا



ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو ئەو بەرهەمانەیان لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو دەکردەوە کە دڵنیام لەوەی دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی دەگمەن و پێویست بۆ پشتاوپشتی کورد. قسەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکاندا نەستەق و هەڵسەنگاندنەکانی بەجێ و بۆچوونەکانی ورد بوون، باشی دەبزواندن کە پێی دەگوتن: کوردیش دەتوانن فڕۆکە بفڕێنن و بارمتە بەرن و خەڵکی بێتاوان لە خوێندا بگەوزێنن، تاکەی لەوە ناگەن و بە ئاگا نایەن و ئاوڕێکی مرۆڤانە لەو گەلە ستەمدیدەیە نادەنەوە...

ئەگەر بێمە سەر باسی بەرهەمە ڕەسەن و نایابەکانی دەتوانم یەکجار زۆر ببێژم، تایبەت دەربارەی نامەی دوکتۆراکەی کە تا ئێستا لەبەر بایەخی زۆری بە چەند زمانێکی ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی چاپ کراوە. کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی "التاخی" دا وتارێکی تایبەتم لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە و ئەو بەرهەمەیم بە یەکێک لە کتێبە دانسقەکانی کوردناسی لە قەڵەم دا.

عیشقی شەهید بەرانبەر کورد و کوردستان بێ ئەندازە و بێ‌سنوور بوو، لەبن نەدەهات، کەس بەر لەو نەیتوانی بە ڕادەی ئەو تینی ئەو عیشقە پیرۆزە بگەیێنێتە نێو خاکی ئورووپاوە، هەستی دەیان و دەیان سیاسەتمەدار و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی ئورووپایی بەناوبانگی بە لای کورد و کێشەی نەتەوەیی کورددا ڕاکێشا. هەمان کات قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی و مرۆڤدۆستێکی



جیهانی گەورە بوو. بێگومان مێژوو [هەمیشە] بە قێز و نەفرەتەوە دەڕوانێتە ئەو دەستە شێتە ناپاکانەی بە ئەوپەڕی کورتبینی و گەوجی ڕقی سەر بە سەدە ناونجییەکانەوە ڕێگەیان بە خۆیان دا ئێمە و خۆیان و خەڵکی تریش لە تیشکی ئەو ئەستێرە بەرزەی ئاسمانی کوردستان و ئێران و توران دابڕن. ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی بێرنارد کۆشنێری وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی فەڕەنسی لە کاتی ئاوابوونی‌دا بە دڵی پڕ و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێی گوت:

**"لە سەرجەمی جیهانی سێیەمدا**
**کەسم وەک تۆ بە دڵ نەبووا!"**

# ئەزموونە بەنرخەکانی پێشەوا چرای ڕێنوێنی بزووتنەوەی کوردن



## (پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ساڵوەگەڕێ لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی)

**کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

لە ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ‌دا ٧٤ ساڵ بەسەر شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک‌کۆمار و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، ئەبولقاسمی سەدری قازی، محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی تێ‌دەپەڕێ.

٧٤ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانی ئازیزیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان و گەلی کورددا بەخت کرد.

بڕیاری لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانی لە دادگایەکی سەربازیی ناجوامێرانە و نادادپەروەرانەدا لە ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٥ دەرکرا و بە داخەوە ئەم بڕیارە و شەهیدکردنی پێشەوا کۆسپێکی گەورەی خستە بەردەم ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی هەنگاوەکانی کورد بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و لەبارچوونی کۆماری پیرۆزی کورستان.

دروست‌بوونی کۆماری کوردستان لە کات و ساتێکدا بوو کە بەهۆی شەری دووهەمی جیهانی بۆشایەکی گەورە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران پێک‌هاتبوو و لە هەمان کاتیش‌دا هەستی نەتەوایەتی لەو سەردەم‌دا بە باشی گەشەی کردبوو کە دەوری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ.ک) نابێ و ناکرێ لەبەر چاو نەگیرێ. پێشەوا و شۆڕشگێرانی ئەو کاتی کورد بە لێکدانەوەیەکی دەقیق و قۆستنەوەی هەلی گونجاوی ئەو سەردەم، کۆماریان ڕاگەیاند.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران دووپات و چەند پاتی دەکاتەوە کە درێژەدەری ڕێگەی پیرۆزی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە و ئەزموونە بەنرخەکانی وەک چرای ڕێنوێنی بزووتنەوەکەمان دەبینێ و کەڵکی لێ‌وەردەگرێ. هاوکات هەوڵ دەدا بە تەبایی و یەکدەنگی هەرچی زیاتری نێوان هێزە کوردییەکان، ئاواتی پیرۆزی پێشەوا قازی محەمەد و هەموو شەهیدانی کوردستان بە ئامانج بگەیەنە و رزگاری و ئازادی بۆ گەلی کورد وەدی بهێنێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# کۆچی دوایی کادرێکی بەڕابردووی حیزب



تاهیر محەممەدی، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهۆی نەخۆشییەوە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ماڵاوایی لە ژیان کرد.

تاهیر محەممەدی، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شاری مەهاباد لە دایک ببوو. ئەو لە ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوییەوە پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و لە ماوەی پێشمەرگایەتیی‌دا لە ئۆرگان و کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی حیزب وەکوو هێزی سامڕەند، کۆمیسیۆنی ئامووزش، کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن، کۆمیسیۆنی ڕادیۆ، ناوەندی یەک، فێرگەی سیاسیی نیزامی، کۆمیتەی پەیوەندییەکانی حیزب و کۆمیتەی بازڕەسیی حیزب‌دا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکە حیزبییە پێسپێردراوەکانی بەڕێوە بردووە.

کاک تاهیر کەسێکی شایی بەخۆ و قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، و قسەخۆشییەکەی تەنانەت لەم یەک دوو ساڵەی دواییش‌دا، کە کۆمەڵێک نەخۆشی دەستیان دابووە دەستی یەک و پێکەوە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، هەرمابوو. ئەو لە هەر بارودۆخێک‌دا هەم بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی و هەم بۆ یارمەتیدانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی تێ‌دەکۆشا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆم سەبارەت بە کۆچی دوایی و ناوادەی کاک تاهیر محەممەدی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان وسەرجەم کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و هەموو خزم وکەسوکاری ناوبراو دەکا.

# ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ بنەماڵەی شەهیدان



**بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدانی کوردستان!**

هەرکام لە ئێوە بنەماڵەکانی شەهیدان لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەتان و بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە دا، ئەندامێک و هێندێکتان زیاتر لە ئەندامێکی خۆشەویست و بەنرخی بنەماڵەکەتان لە دەست داوە.

ڕێگەمان بدەن، لە ئاست گەورەیی و بەخشەندەییتان و وەک ڕێزگرتن لەو هەمووە بێبەشی و ڕەنج و کەسەر و کوێرەوەرییەی لە پێناوی سەربەرزیی نەتەوەکەتان و بەرەوامیی خەباتی مافخوازانەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان‌دا لە خۆتان گرتووە، بەرانبەر ئێوە و گیانی پاکی شەهیدەکانتان سەری ڕێز دانەوێنین. ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، لەوە بەداخین کە بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەبات و بارودۆخی تایبەتیی تێکۆشان نەیتوانیوە بەو شێوەیەی شیاوی ئێوەیە، ئاوڕتان لێ بداتەوە و پێتان ڕابگات. بەڵام هەست بە سەربەرزی دەکەین کە هەم ئێمە، سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بەو پەیمانە وەفادارین کە بە شەهیدەکانمان داوە و لە سەر خەبات تا وەدیهاتنی ئامانجی هاوڕێ و هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان بەردەوامین. هەم ئێوە، لە بەرزڕاگرتنی ناوی شەهیدەکانتان و وەفاداری بە ڕێباز و ئامانجەکانیان غافڵ نین.

دڵنیاتان دەکەینەوە کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، فیداکاریی خۆشەویستان و ڕۆڵەکانی ئێوە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بەرهەم دەدا و ڕێژیمی زۆردار و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی، بەرەو ڕووی هەر ئەو چارەنووسە دەبێتەوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە یەک بەدوای یەکدا تووشی دەبن. ئەو کات لە سەر گڵکۆی شەهیدەکان و لە گۆڕەپانی سەرەکیی هەموو شارەکان‌دا، گەلەکەتان میداڵی شانازی لە بەرۆکی ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی کوردستان دەدا. بە هیوای ئەو ڕۆژە.

سڵاو لە سەرکۆماری شەهیدمان، سەرقافڵەی شەهیدان، پێشەوا قازی محەممەد وسەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

**دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٠ی خاکەلێوەی١٤٠٠**

# سەردانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەفتەری سیاسیی حیزب



ڕۆژی سێشەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٣٠ی مارسی ٢٠٢١ی زایینی، هەیئەتێکی بەشی پێوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرستیی بەڕێز بەختیار عومەر ئەولێ، ڕێکخەری ژووری پێوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. هەیئەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

لەم سەردانەدا بەڕێز بەختیار عومەر مەبەستی سەردانەکەی بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی پێوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەو حیزب و ڕێکخراوانە گەڕاندەوە کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوچەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە. ناوبراو بە بایەخەوە باسی هەڵوێست و سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە بە خەمخۆرییەوە دۆخی هەستیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و باشووری کوردستان لەبەرچاو دەگرن و نابنە هۆی سەرئێشە و خوڵقاندنی گیروگرفت بۆ ئەم بەشەی کوردستان. بەڕێز بەختیار عومەر لە درێژەی قسەکانی‌دا پتەوکردنی پێوەندیی نێوان هێزە کوردستانییەکانی بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد بە هەنووکەیی و پێویست زانی.

دواتر بەڕێز مستەفا مەولوودی پێوەندیی گەرموگوڕی نێوان کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی ئەو دوو بەشەی بە گرینگ و بایەخدار ناو برد. بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی کار و تێکۆشانی خۆیدا هەمیشە بە هەستیارییەوە دۆخی هەرێمی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە و هیچکات نەیویستوە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ و لەو بارەوە مایەی زۆریشی لەخۆی داناوە.

گۆڕانکارییەکان و دۆخی ئێستای ناوچەکە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیاسەتی زلهێزەکان و دۆخی هەستیاری گەلی کورد لەو تەوەر و بابەتانە بوون کە لەلایەن ئەندامانی هەر دوو هەیئەت تیشکیان خرایە سەر و ڕا و بۆچوونی خۆیان لەمبارەوە دەربڕی.

## سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد

# بۆ گەل ژیا و بۆ گەل مرد



سمایل شەرەفی

قۆناغی "ئەزموونی ژیان"ی پێشەوا قازی محەممەد تایبەتە بە ساڵەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) و دووهەم (١٩٤١-١٩٤٦)، کە لە ماوەی ئەم نیزیک چارەگە سەدەیەدا جیا لەوەیکە نیشتمانەکەی (کوردستان) بە سەر چوار وڵاتدا دابەش دەبێ، میللەتەکەشی (کورد) بەرەوڕووی کارەساتبارترین قۆناغی مێژوویی خۆی دەبێتەوە. ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک و عەرەب و پارسی کە شکستی جووڵانەوە نەتەوەیی و مافخوازانەکانی کورد و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان و وێرانیی نیشتمانیی لێ کەوتنەوە، بێشک شوێنەواری قوڵ و کاریگەریان لە سەر بیرکرنەوە و تێفکرینەکانی پێشەوا قازی محەممەد داناوە. ئەو کە لە سی ساڵەی تەمەنی خۆی‌دا شاهیدی جووڵانەوەی سمایل ئاغای سمکۆ و کوژرانی ئەم ڕێبەرە بە فەرمانی ڕەزاخانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئێرانی بووە، بە تەواوەتی هەست بە مەزلومیەتی نەتەوەکەی و زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی خۆسەپێن دەکا.



قازی محەممەد کە هاوکات لە گەڵ بینینی بارودۆخی میللەتەکەی لە تەمەنی لاوەتی‌دا سەرقاڵی خۆ پەروەردەکردن و قووڵبوونەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکان لە هەمووی گرینگتر وردبوونەوە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی بووە، خزمەت بە گەل دەکاتە ئامانجی ژیانی خۆی. قازی محەممەد کە دوای فەوتی قازی عەلیی باوکی دەبێتە قازیی شاری مهاباد و هاوکات لە بواری فەرهەنگییش‌دا چالاکیی دەبێ، وەک کەسێکی متمانەپێکراو لە لایەن خەڵکی شار و ناوچەکەوە، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە و لەم دەرفەتەی بۆ ناسینی کۆمەڵگەکەی، ئەزموونێکی باشی پاشەکەوت کردوە. هەروەها وەک کەسێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو و پێشکەوتنخواز و خاوەن ڕا، لە لایەن خەڵک و بە تایبەت تێکۆشەرانی سیاسیی شاری مەهابادەوە کە دواتر زۆربەیان لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێکاف) ڕۆڵیان گێڕا و تیایدا ئەندام بوون، پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا.

پێشەوا قازی محەممەد بە پشتبەستن بەم پاشخانە دەوڵەمەندە لە ئەزموونی ژیان و لێهاتوویی خۆی، بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە بانگهێشتی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ، وەک کاراکتێرێکی شوێندانەری سیاسی بیر لە نەخشەڕێگایەکی دروست، گونجاو و مومکین دەکاتەوە. قازی محەممەد لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە دنیای سیاست لە هەموو ئاستەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی، دەوڵەتی و نێوخۆیی، زۆر زوو دەکەوێتە بیری تەتەڵەکردنی هەلومەرجێک کە پێی وابوو دەکرێ بکرێتە دەرفەتێک بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی.

هەلومەرجی لێکەوتەی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتە بوو کە پێشەوا قازی محەممەد تیایدا بیری لە جۆری کەڵک لێوەرگرتن بە قازانجی میللەتەکەی دەکردەوە. ڕەزاخان خۆی لە ئاڵمانی نازیسم نزیک کردبۆوە و ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆ و نفووزی سیخوڕ و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلێری. سێ وڵاتی سۆڤییەت، بریتانیا و ئەمریکا وەک وڵاتانی سەرەکیی بەرەیەکی شەڕ، بە دوو مەبەستی کەمکردنەوەی نفوزی ئاڵمان و گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بە سۆڤییەت بڕیاری چوونە نێو خاکی ئێرانیان دا. بۆیە بریتانیا و ئەمریکا لە جنووب و ئەرتەشی سوور لە شومالەوە ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ڕەزاخان نەیتوانی چووکەترین بەربەرەکانی بکا و تێک رووخا... بەم هۆیەوە بەشی باشووری کوردستانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئینگلستانەوە داگیر کرا و و بەشی باکوور تا شاری ورمێ لەشکری سووری سۆڤییەت تێیدا جێگیر بوو. لەم نێودا ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مەهاباد بۆشایی دەسەڵاتی تێکەوت. ئەمە ئەو دەرفەتە بوو کە بۆ کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵکەوتبوو کە بتوانێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێران و بە گشتی چوونە پێشێی جووڵانەوە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی وڵاتدا لە پەرەئەستاندن‌دا بوو. هەروەها هاوپەیمانان بە سەر ئاڵمانی هیتلەری‌دا سەرکەوتبوون و خەباتی گەلان دژ بە فاشیزمی هیتلەر و موسولینی و هیروهیتو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربڵاوتر دەبوو. بۆیە زەمینە بۆ ئەوە ئامادە بوو کە حیزب یان ڕێکخراوێکی پێشەنگ و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ لە کوردستانیش دامەزرێ. لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی چالاک بەڵام نهێنی بوو، بەڵام ژێکاف لە لایەک بە هۆی "ناسیونالیست"بوون و داخراوبوونی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، وڵامدەری وەزعی تازەی کوردستان نەبوو. بۆیە لێردا بەشی زۆری ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتە سەر شانی پێشەوا قازی محەممەد کە چۆن بتوانێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ.

لەم پێناوەدا قازی محەممەد لە دوای کۆمەڵێک هەوڵی دیپلۆماتیک و دانوستان لەگەڵ سۆڤییەت، ئێران و ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆمەڵەی ژێکاف، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ (١٦ی ئوتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە قازی محەممەد دامەزرێنەر و پێشەوای بوو، نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مودێرن دا. هەر وەک لە یەکەم بەیاننامە و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا دیارە، ئەم حیزبە بەگرینگیدان بە "مان و مەوجودییەت"ی گەلی کورد کە بریتییە لە خاک، خەڵک، کەرامەتی ئینسانی کورد، زمان، فەرهەنگ، لە سەرەتادا ئامانج لە دامەزرانی خۆی بۆ "پێشگیری لە فەوتانی نەتەوەیی" پێناسە دەکات. فەوتانێک کە دەوڵەت نەتەوەکانی دژ بە کورد، بەتایبەت دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕەزاخانەوە، بە شێوەی سیستماتیک هەوڵیان بۆ داوە. بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر پرسێکی گەورەی مێژوویی - نەتەوەیی دێنێتە ئاراوە، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبنەوە.

دوای ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەرانی حیزب، بەتایبەت و لە سەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە سەرنجدان بە لەباربوونی هەلومەرجی سیاسی، بۆ جارێکی دیکە کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرن و لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە چوارچرای مهاباد، کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕادەگەیەندرێ و پێشەوا نازناوی سەرۆک کۆماری کوردستانی پێ دەبەخشرێ.

کۆماری کوردستان دەسەڵاتە ١١ مانگەکەی و ئەو خزمەتانەی بە کورد و کوردستانی کردن، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، بوونەتە بەشێکی هەرە ئەساسی و دانەبڕاوی شەخسییەتی نەتەوەیی هەموو ئینسانێکی کورد. هیچ تاکێکی کورد ناتوانێ کوردبوونی خۆی بەبێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر دروستبوونی خۆی وەک ئینسانێکی کورد، لە دنیای ئەمڕۆدا پێناسە بکات. بە واتایەکی دیکە بۆ یەکەمجار ئینسانی کورد لە کۆماری کوردستان و لەژێر کارتێکەریی دەسکەوتەکانی ئەم کۆمارەدایە کە شەخسییەتی نەتەوەیی بە مانا مودێرنەکەی پەیدا دەکا و هەست بە "بوون"ی خۆی دەکا.

تەواوی ئەو سیمبول و شاخس و هێما و پێناسانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکە، خۆی پێیانەوە دەناسێنێ و کردوونی بە مایە و مانای وجوودیی خۆی وەک نەتەوەی کورد، هەرهەموویان دەسکەوت و ئافراوی ئەو ١١ مانگەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستانن.

خودی دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سپای میللی (هێزی پێشمەرگە)، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی، سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی ئیدارەی کۆماری کوردستان و... هەر هەموویان ئەو هێما و سیمبولانەن کە ئەمڕۆ و دوای زیاتر لە ٧٥ ساڵ، بوونەتە پێناسە بۆ خۆدەرخستنی نەتەوەییمان.

هیچ گومانی تێدا نییە و بەڵگە زۆرن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە کە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەمی کۆمار لە ئافراندن و دامەزراندنی هەموو ئەمانەدا، ڕۆڵ و قسەی یەکلاکەرەوەی هەبووە. بۆیە دەتوانین بە تەواوی ئیدیعا بکەین و بیسەلمێنین کە پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی، کەسایەتییەکی پڕنرخی نەتەوەیی بە ئینسانی کورد بەخشی کە دەکرێ لە باسی ڕەوتی نەتەوەسازی‌دا زۆرترین قسەی لەسەر بکرێ.

بەسەرهاتی پێشەوا قازی محەممەد لە چۆنیەتیی بەرەو پیلی مەرگەوە چوون و دادگاییکردن و لەسێدارەدانی وانەیەکە لێوانلێو لە دەروەستبوون، وەفاداری، گەلدۆستی، ئازایەتی و نەمری.

لەم پێوەندییەدا کەم کەس دەتوانێ وەک شەهید دوکتور قاسملووی جێگرەوەی باس لەم بەسەرهاتە بکا: "پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی مەرگ چاوەڕوانیەتی... ڕاستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانیە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێک کە ئەو زۆر باش دەیزانێ کە چەندە فێڵباز و دڕندەیە. بەڵام قازی محەممەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئولییەتە گەورەیەی کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو، پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا. ئەو کە هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانی‌دا نەدی، نەیدەویست خوێنی خەڵکی بێدیفاعی میللەتەکەی بە دەستی لەشکری داگیرکەر بڕژێ. ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی محەممەد هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە پێش هەمووان بە نرخی گیانی خۆی تەواو بوو. ئەو دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو چارەنووسە کرد و ئاکامەکەشی لێ ڕوون بوو. ئینساندۆستیی پێشەوا هێندە زۆر بوو کە دەیەویست بکوژرێ، شەهید بێ تا زۆر کەسی دیکە زیندوو بمێنن."

پێشەوا قازی محەممەد لە ڕەوتی بەناو دادگاییکردنیشی‌دا، ئەوەی بۆ ساتێکیش لێی غافڵ نەبوو، میللەتەکەی بوو. "ئەو زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەممەد نییە کە دادگایی دەکرێ، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دەزانێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەڵکەتوو بەرانبەر بە جەلادە خوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد."

پێشەوا قازی محەممەد کە لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانی کردنی‌دا زۆری هەوڵ لەگەڵ درا کە حاشا لە کردەوەکانی خۆی بکا و خۆی بێبەری لە هەموو ئەوانەی کردوونی نیشان بدا و پەشیمانی دەرببڕێ، بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای نیزامی و کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بە چۆکدا هێنا و ناچاری کردن کە بەرانبەر بە گەورەیی و ئازایەتیی ئەو سەردانوێنن. پێشەوا بە سوێند و پەیمانی بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەی وەفادار مایەوە و لە پێناو ژیانی گەلەکەی‌دا شەهید بوو.

# کەسایەتیی پێشەوا قازی لە چاوگەی سێ تیوریدا

شاهۆ مەتین

لە هەموو دنیا و سەردەمەکاندا، ئەو نەتەوانەی بەهۆی سیاسەتی نکوڵیکران لە بەرامبەریاندا هەوڵی سیستماتیک دەدرێ تاکوو مێژوو، چاند و شارستانییەتیان بشێوێنن و لە پارادایمی هێزی باوی سەردەم چ دەسەڵاتی ئایینی یا پاشایەتی یا دواتر لەنێو دەوڵەت-نەتەوەی سەردەستدا ئاسیمیلەیان بکەن و بیانتوێننەوە، نەتەوەی داگیرکراو چ لە ئاستی تاک یا کۆمەڵگەدا هەوڵی ڕابوون دەدا بۆ ئەوەی پێش بە سەرگرتنی ئەم ڕەوتە لە چەرخی مێژوو بگرێ و مەوجوودیەتی بپارێزێ.

گەلی کوردیش ڕوح و هزری بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتمانیی چ لە ئاستی تاک یا جڤاتدا بووبێ هەموو کات بڵێسەدار بووە و تێکۆشانی بونیادنەرانەی بووە بۆوەی ڕوح و هزری کوردانە لەنێو جڤاتدا پارێزراو ڕابگرێ و بە خاوەنداریەتی لە مێژوو و شوناسی و بەڕێکخستنکردنی لە چوارچێوەی حیزب و ڕۆڵبینینی کەسایەتیی مێحوەریی بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی، سیاسی و نەتەوەخوازیی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بە تایبەت لە مێژووی پڕ تێکۆشانی نەتەوەییمان ڕۆڵ و پێگەی مێحوەریی کەسگەلی وەک "سمکۆی شکاک"، "پێشەوا قازی محەممەد"، "شێخ مەحموود"، "شێخ سەعید"، "سەید ڕەزا" و...) بەم ئاراستەیە، نموونەی هەرە ئاستبەرزن لە خەرمانی تێکۆشان و شۆڕش لەم پێناوەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاکامی گەشەی ڕوح و هزری ناسیۆنالیستانەی تاکی کورد و دوای سێ ساڵ لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، کە بە شێوەی مەدەنییانە هەوڵی پاراستن و سەقامگیرکردنی هزر و ئەندێشەی نەتەوەخوازیی دەدا، لە بەردەوامیی ڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا یەکەم حیزبی مۆدێرنی سیاسی کە خاوەن ساختار، ڕێبەرایەتی، تاکتیک و ستراتیژی بوو، لە هەناوی لەدایک دەبێ و دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا قازی وەک کاریزمایەکی سیاسی و ناسیۆنالیستی یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم بەڕێکخستنکردنەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە شێوەی سەردەمیانە لە چوارچێوەی حیزبدا بووە.

لەم کاتەدا کە جوغرافیای ئێران بە هۆی ژێۆئیستراتیژیکبوونی بۆ هەر دووک بەرەی شەڕی دووهەمی جیهانی گرینگ و شوێندانەر دەبێ و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش کەسانێک نابەرپرسیار و لاواز لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان دەبن، ئەم وڵاتە بە کردەوە بە سەر دوو وڵاتی زلهێزی ئەو کات (بریتانیا لە بەشی باشوور و سۆڤیەت لە بەشی باکوور)ی، ئێران دابەش دەکرێ. لە ئاکامی ئەم دەرفەتە مێژووییەی بۆ کورد ڕەخسا و بەهۆی ژیری و دنیابینیی حیزبە سیاسی و جەماوەرییەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) و بەپێی بڕیاری ژیرانە و حەکیمانەی پێشەوا قازی بە کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە ٢ی ڕێبەنداندا حکوومەتی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دادەمەزرێ.

مخابن دواتر و پاش کەمتر لە ١١مانگ بە هۆکاری نێوخۆیی -خیانەتی هیندێک ئاغا و کەسایەتیی دەوڵەمەند، ڕێککەتنی قەوام و سادچیکف- و هۆکاری دەرەکیی پشتیوانی نەکرانی حکوومەت لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەت و بەهێزبوونەوەی ئەرتەشی ئێران) کۆماری دێموکراتیکی کوردستان تێکشکا و پێشەوای کوردان، قازی محەممەد بۆ پێشگرتن لە نەڕێژرانی خوێنی گەلەکەی خۆی ڕادەستی ئەرتەشی ئێران کرد. ئەوە بوو کە دوای بەڕێوەچوونی دادگایی ڕواڵەتی وێڕای شەهیدان "سەیف" و "سەدر"ی قازی لە پێتەختی کۆمار (شاری مەهاباد) بەناحەق و دوور لە هەر پرنسیپێکی ئەخلاقی لەسێدارە دران.

ئەوەی دنیای دەرەوە نەیدی و چاوی خۆی لێ نووقاند ئەو ڕاستییە بوو کە لەدار درانی پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارەدانی ئازادی، مەدەنییەت و دێموکراتییەت لە ناوچە بوو.

### تیوریی گەورەپیاو و کەسایەتی پێشەوا

تیوری گەورەپیاو لە ڕێبەرایەتیکردن بە ساکارترین فۆرم خوازیار و بڕوامەندە کە ڕووداوە گرینگە نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانییەکان لەژێر کاریگەری کەسانی دیاردا دێنە ئاراوە کە دروستکەری ئەم ڕووداوانەن؛ واتە ئەوە گەورەپیاوانن کە مێژوو دروست دەکەن.

"توماس کارلایەل" کە لایەنگری ئەم تیورییەیە، دەڵێ: "کەسانی بلیمەت کاریگەریی خۆیان لە هەر شوێنێک و ئاستێکدا بن، دادەنێن و بڵاوی دەکەنەوە." لەسەر ئەساسی ئەم تیورییە لەسایەی هەڵوێست، خوێندنەوە و سیاسەتی ڕێبەرێکەوە، دەکرێ چارەنووسی نەتەوەیەک بگۆڕدرێ.

هەر بەپێی پێناسەی ئەم تیورییە دەبینین کە پێشەوا قازی وەک کەسایەتییەکی مەزن و شوێندانەر بە ژیرمەندیی خۆی و خوێندنەوەی واقێعگەرایانەی بارودۆخی هەبووی سەردەم لەسەر ئەساسی دۆخی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەدا و مێژوویەکی پڕ شکۆ وسەروەری بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەکەی دروست دەکا و دەیکاتە ئادرەسێک بۆ کۆمەڵگەی جیهانیی ئەو سەردەم .پێشەوا وەک کەسایەتییەکی بلیمەت دەرفەت دەقۆزێتەوە و حەز و ئارەزووی هەر مرۆڤێکی کورد دەکا بە واقیع و ڕاستییەکی مێژوویی و، پاش حەوت دەیە لە تێکچوونی کۆمار، ئێستاش دەبینین تێکۆشانی بێوچانی کورد لە هەر چوار بەشی نیشتمان گەیشتنەوەیە بە دامەزراندنی کوماریکی دیکەی کوردستان .

لێرەدا کەسایەتیی پێشەوا و بڕیاری حەکیمانەی ڕووداوێک دەخوڵقێنن کە دەبێتە مێژوو بۆ نەتەوەیەک و ئاسۆیەک بۆ دووبارە پێگەیشتنەوە.



### زەبری کۆمەڵایەتی و ڕوحی زەمان

ئەم تیورییە پێداگرتنە لە کاریگەریی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕێبەر. لەم تیورییەدا زەمان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانن کە گەورەپیاوان دروست دەکەن .

بەم پێیە لە تیوریی ڕوحی زەماندا ڕێبەران وەک ئەکتەرانێکن کە ئەو ڕۆڵەی لە لایەن هێز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان دەست نیشان دەکرێ، جێبەجێی دەکەن و ڕوانگە و ڕەوشت، پاڵنەرەکان و لێهاتوویە تایبەتییەکانیان کاریگەریی بچووکیان لەسەر ڕێبەر هەیە.

خاوەنڕایانی ئەم تیورییە بڕوامەندن کە ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕ کەسانێکن کە بتوانن ئاکار و ڕەوشتی خۆیان هاوتەریب لەگەڵ ویستەکانی زەمان، هەڵکەوتە و بارودۆخ بگونجێنن.

بە سەرنجدانی شیکاریی ئەم تیورییە دەبینین کە پێشەوا قازی محەممەد وەک ئەکتەرێکی بەهێزی سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەو ئەرکەی حیزب وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان) دەخاتە سەر شانی و، بە واقعگەرا کردنی ویست و هیوای هەموو تاکێکی کورد لە چوارچێوەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ و خاوەندارەتی لە ڕابردووی شۆڕشەکانی پێشوو و قۆستنەوەی دەرفەتەکان ڕۆڵی ئەساسی و بونیادنەرانەی خۆی ئەبینێ. هۆکارێکی گرینگ، کە بوونی پێشەوا قازی محەممەد لە ساختاری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دەیکات بە کەسایەتییەک و ڕێبەرێکی دیار و لێوەشاوە .

ڕاستە لەسەر ئەم بڕیارەی کە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە (حیزبی دێموکرات) دەیخاتە سەر شانی وەک کەسی یەکەم لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا و دواجار لەسەری شەهید دەبێ، بەڵام شەهیدبوونەکەشی بارتەقای بڕیاری حەکیمانەی و سەرکردایەتیی حیزب، شکۆ و مەزنیی پێدا و، وەک کەسایەتیەکی بەهێز لە ئاکار و ڕەوشتدا، بە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆحی زەمان کەسایەتیی بە خۆی بەخشی.

بڕوامەندانی ئەم تیورییە وەک(سوودفیڵد و ڕانگ) پێیانوایە، ڕێبەرانی سەرکەوتوو و شۆڕشگێڕ توانایی و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە کردار و ڕەفتاریان هاوتەریب لەگەڵ ویستی زەمان و شوێنگە بگوورێن و هەروەها ئەم گریمانەیە دەخەنە ڕوو کە لە سەرەتای وەبەریەککەوتن و ململانێ پێویستە ڕێبەریی شۆڕشگێڕ لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ساکارەوە دوای سەرکەوتن؛ بۆ درێژەپێدان بە شۆڕش پێویستە ڕوانگەی ڕیالیستانەیان بۆ جیهان هەبێ.

لە سەر ئەساسی ئەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە پێشەوا قازییش هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ڕەفتار و کردار و هەڵوێست وەرگرتنی بەپێی دۆخ و کات، وەک مرۆڤێکی ساکار خۆی لەگەڵ گەلەکەی پێناسە دەکا و هەڵوێست وەردەگرێ و پاشان بە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانە لە دۆخی مەوجوودی ئێران و کوردستان و ئارایشی هێزی جیهانی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بڕیارەکەی لە پێناو دیالۆگ لەسەر مافەکانی گەلەکەی دەچێتە تاران وەک ناوەندی دەسەڵات.

### تیوریی نموونەی فیدلێر

فیدلێر ڕێبەر وەک کەسایەتییەک پێناسە دەکا کە لەنێو حیزب بڕیاری ئاراستەکردن، کۆنترۆڵکردن و هاوئاهەنگیکردنی هەموو چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ئەرکی حیزبی پێ دەسپێردرێ. ئەم تیۆرییە بە کاریگەر و شوێندانەر بوونی ڕێبەر لە ڕەهەندە جیاوازەکانی پێگەی حیزب، ئاماژە دەدا و دوورنواڕی دەکا کە یارمەتیی ڕێبەر بە شوێندانەر بوونی حیزب هەم بە تایبەتمەندی خودی ڕێبەرەوە پەیوەندی هەیە و هەمیش بە لەبار بوونی هەلومەرج و بارودۆخ و دەرفەت.

بە پێی ڕاڤەی ئەم تیورییە دەبینین کە ڕاستە لەنێو حیزبی دێموکراتی کودستان کەسایەتیی بەهێز بوونیان هەیە، بەڵام ئەو ژێهاتی و کاریزماتیکییەی بەهێزە کە پێشەوا قازی وەک لیدێرێک دەبێتە هۆکاری ئاراستەکردنی ستراتیژیی حیزب بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕوحی زەمان .لەم سۆنگەیەشەوە هەموو ئەرک و بەرپرسیارەتیەکی ئەم بڕیارە مێژوویی و چارەنووسسازە دەخاتە سەر شانی خۆی.

بەم چەشنە دەبینین کە پێشەوا قازی بە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی حیزب و هاوئاهەنگی بەپێی دەرفەت و زەمان شوێندانەریی خۆی دەردەخا و شوێندانەریی ستراتیژی حیزب، تایبەتمەندی کەسایەتی پێشەوا و لەبار بوونی هەلومەرج دەبنە تەواوکەری یەکتر .

### دەرەنجام

لە سەر بە ئەساس وەرگرتنی هەر سێ تیورییەکە دەتوانین بلێین کە ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبوایە پێشەوا وەک "گوڵی نێو سەحرا" دەر نەدەکەوت و ئەگەر بڕیاری حەکیمانە و خوێندنەوەی ژیرانەی پێشەواش لە ڕۆحی زەماندا نەبوایە، حکوومەت و قەوارەیەکمان بە ناوی "کۆماری کوردستان" نەدەبوو.

# بۆنەکانی نەورۆز و «نا»یەکی دی بە کۆماری ئیسلامی



## (ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی بەڕێوەچوونی بۆنەکانی نەورۆز)

**خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان!**

لە پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی٢٧٢١ی کوردیدا هاتبوو کە با هەموومان ئەمساڵ فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین بکەینە چرای ڕێگای ژیان و خەباتمان و بە تێکۆشان و گیانبازیی زیاتر، یەکڕیز و یەکگرتوو تا ڕووخاندنی ڕژیم و بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە ئازار و ستەم و چەوسانەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، لە سەنگەری خەباتدا پتەو ڕاوەستین و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ئازادیخوازانە، شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە مۆتەکەی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و کاولکەری کۆماری ئیسلامی بێنین. لەو نەورۆزەدا ئێوە خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان سەرەڕای هەموو فشارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرشەی سەر چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و بڕینی ئینترنیت و هێنانی هێزی زیاتری سەرکوت بۆ گوندەکان و شارەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمانەی کە ڕووبەرووتان بۆتەوە، ئازایانە وبە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵیش هەر وەک ساڵانی ڕابردوو بەرەوپیری داواکاری حیزبەکانی خۆتانەوە چوون و بەبێ لەبەر چاو گرتنی هیچ بیر و باوەڕ و ئایینێکی جیاواز هەموو لایەک بە یەکدەنگی و یەکدڵی هاتنی نەورۆزی دێرین و نوێبوونەوەی ساڵی نوێیاتان جێژن گرت و بە هەڵپەرکێ و خۆشی و بە هێمای جامانە و گوڵی سوورەوە بەرەوپیری ساڵی نوێ و نەورۆز چوونەوە.

ئێوە جارێکی دیکە سەڵماندتان کە پشتیوانی حیزبە سیاسی و خەباتکارەکانی خۆتانن و "نا"یەکی دیکەتان بە کۆماری ئیسلامی گوت. لە کەس شاراوە نییە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هەموو خۆشییەک ویەکیەتی ویەکڕیزی یەک بە دوور بن، چونکە سێحری مانەوەی خۆی لەوەدا دەبینێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەم جێژنە، جێژنێکی نەتەوەیی بێت و ببێتە مەیدانێک بۆ بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشاندانی یەکڕیزیی گەل ولەهەمان کاتدا کردارێک بێ بۆ دەربڕینی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی.

خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی تریش سەلماندیان کە لە خۆشی و ناخۆشیدا ڕەمزە نەتەوەییەکانی خۆیان هەر بەرز دەنرخێنن و ملکەچی خواستی کۆماری ئیسلامی نابن.

**خەڵکی ماندوویینەناسی کوردستان!**

شار و دێ و شەقام و کۆڵانی هەموو کوردستان ئەمساڵیش لێوانلێو لە خۆشی و شایی و هەڵپەرکێ بوو و ڕۆحی هاوپشتی و هاوخەباتی و هاوچارەنووسی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا جارێکیتر ڕەنگی دایەوە. هەموو لایەک شاهیدی هێزی بەرین و لە شکاننەهاتووی ئێوە بوون و هەر ئێوەشن کە ورەپێدەری هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردن.

بەبۆنەی خۆڕاگری وپاراستنی یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی گەڵ، ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستخۆشی لە ورەی پۆڵاینتان دەکا و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەشتان لێ دەکا و پەیمانتان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە کە یەکدەنگی و یەکگرتوویتان بکاتە چرای پێشاندەری ڕێگای خۆی و هەموو هێز و وزەی خۆی بۆ پاراستنی یەکێتی وهاوخەباتی و بە مەبەستی سەرکەوتنی یەکجاری وگەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی بخاتە گەڕ.

**مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران،**
**سەرکەوێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد،**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی**
**٢٣ی مارسی ٢٠٢١**

# کوژران و بریندار بوونی ٢٢٦ کۆڵبەر، گرتنی ٦٤٠ چالاکی سیاسی و ئێعدامی ٤٩ بەندیی کورد




لە درێژەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩ هەتاویشدا لانیکەم ١٢٠٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووی داوە. بەخێرایی چاوێک بەسەر چەند حاڵەتێکی زبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم ساڵدا دەخشێنین:

## کۆڵبەرکوژی

لە کاتێکدا کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانە، لە ماوەی ئەم ساڵەدا ٢٢٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە یا بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ٢٢٦ قوربانییەی ئەمساڵ ٨٠ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ١٤٦ کەسیش بریندار بوون.

لە ماوەی ئەمساڵدا ٧ شوانکارە و چۆدار لە ناوچە سنوورییەکان بەئانقەست لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دراونەتە بەر دەستڕێژ و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی ڕەزبەریش هێزە ئینتزامییەکانی شاری شەهریار سەر بە پارێزگای ئەلبورز لاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵی خەڵکی سنەیان بە ناوی «کەژوان ئەڵماسی» لە میوانییەکی شەوانە دەستبەسەر کرد و دوای دەستبەسەر کران لە پشتەوە تەقەیان لێکرد و کوشتیان. لە کردەوەیەکی جینایەتکارانەی دیکەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەزبەر هێزە ئینتزامییەکانی پایگای دەوڵەتئاوای کرماشان ئۆتۆمبێلێکی جۆری «پژۆ ٤٠٥»یان دایە بەر دەستڕێژی گوللە کە لە ئاکامی ئەو دەستڕێژەدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کە مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «ئەشکان عەزیزی» بووە گیانی لە دەست داوە و مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵانیش بە ناوی «بورهان عەزیزی» بە سەختی بریندار بوو.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕێبەندان لە مێترۆی ئەو شارە لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵی کوردی خەڵکی دیواندەرەیان بە ناوی «مێهرداد تاڵشی» ٢١ دەستبەسەر کرد و هەمان شەو لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان. هەروەها ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕەشەممەش لە گەڕەکی دەرەدێژی کرماشان تەقەیان لە پۆلێک خەڵکی ئەو گەڕەکە کرد کە لە ئاکامدا «سیروان محەمەدی»، تەمەن ٢٥ ساڵ کوژرا و «عەلی ئەحمەدی» تەمەن ٧٠ ساڵ بریندار بوو.

شایانی باسە کوژران و بریندابوونی ٢٢٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لەحاڵێکدایە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی پێشتریشدا ٢٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاریان دابووە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان.

## ڕەشبگیر و گرتنەکان

لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩دا ئەوەندەی سەرچاوەکانی هەواڵ پشتڕاستیان کردۆتەوە و دەستیان بە زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لەو ٦٤٠ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٨٩ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ٨٨٢٥ مانگ (٧٣٥ ساڵ و ٥ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

لەو بەندکراوانە سێ کەسیان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و حوکمی ئێعدامی دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا پشتڕاست کراوەتەوە. هەروەها دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

جێی باسە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر بەندکراوێکی لاو لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ بە ناوی «سادق مەلەکی» بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانی لە دەست داوە و ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەزەڵوەریش بەندکراوێکی تەمەن ٢٧ ساڵی خەڵکی هەرسین و دانیشتووی نورئاباد بە ناوی فەرهاد وسوقی لە بەندیخانەی ناوەندیی خوڕەماوا لەژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنیەکانی بەندیخانە کوژراوە. ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانباریش زیندانییەک بە ناوی «ئەکبەر مستەفا» لە زیندانی ناوەندیی ورمێ بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کرۆنا گیانی لە دەست دا. ڕۆژی هەینی ٢٦ی بەفرانباریش «بەهمەن عوقابی» تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی گوندی «چەقاجەنگا»ی سەر بە شاری شابادی پارێزگای کرماشان کە ماوەیەک لەمەوبەر بە هۆی لێدان و ئەشکەنجەی هێزەکانی ئاگاهیی کرماشانەوە چووبووە حاڵەتی کۆما، لە نەخۆشخانەی خومەینیی ئەو شارە گیانی سپارد.

شایانی باسە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٨ی هەتاوی)شدا لانیکەم ٨٥٤ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گیرابوون.

## ئێعدامەکان

ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩دا لانیکەم ٤٩ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە دەردەکەوێ کە لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا، کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتووە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٣٩٩ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون و چوار کەس لەوان بەندیی سیاسی بوون.

جیا لە ئێعدامی ئەو ٤٩ بەندکراوە کوردە، سێ زیندانی لە شارەکانی ورمێ و کامیاران بە هۆی نەخۆشیی کۆڕۆنا و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ساڵی ڕابردووش لانیکەم ٤٦ زیندانیی کوردی لەدار دابوو.

## قوربانییانی تەقینەوەی مین

ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ١٣٩٩دا لانیکەم ٥٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٣١ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بووە. بەپێی زانیارییەکانی «چاونیوز» لەو ٣١ کەسە ٢١ کەسیان بریندار و نقوستان بوون و ١٠ کەسیشیان گیانیان لەدەست داوە.

ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٤٨ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٢٠ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا ببوو. لەو ٢٠ کەسە ١٤ کەسیان بریندار و نقوستان بوون و ٦ کەسیشیان گیانیان لەدەست دابوو. «چاونیوز» دەڵێ ئاماری ورد و دەقیقی قوربانییانی تەقینەوەی مین _ بەهۆی ئەوەی هەواڵدەرییە ڕەسمییەکان خۆ لە بڵاوکردنەوەیان دەبوێرن یان ناوی قوربانییان ئاشکرا ناکەن_ لەوەندە زیاترە کە تۆماری دەکرێ.

شایانی باسە زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی پاشماوەی شەڕی عێراق و ئێران لە خاکی ئێراندا هەڵنەگیراونەتەوە کە بەشی نیزیک بە تەواویان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان (هەر چوار پارێزگاکەی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ) نێژراون و دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە کۆتایی شەڕ هێشتا کۆ نەکراونەتەوە و پووچەڵ نەکراون.

## خۆکوژی

خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیانباری دیکەیە کە بەهۆی بێمافی و هەروەها پەراوێزخرانی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە خەسارەکانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ زیاترە. ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەمساڵدا لانیکەم ١٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوژییان داوە، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو بووە و کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. لەنێو ئەو کەسانەدا کەم تەمەنترینیان کچ و کوڕێکی ١٢ ساڵ و بەتەمەنترینیان ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵ بووە.

«چاونیوز» دەڵێ ئاماری پەنابردن بۆ خۆکوژی لەو ماوە زەمەنییەدا زیاتر لە دوو هیندەی قوربانییانی ئەو دیاردەیە بووە کە یان خۆکوژییەکانیان سەرکوتوو نەبوون یان کەسوکاریان بەوەخت توانیویانە بە هانایانەوە بچن و لە مردن ڕزگاریان بکەن.

شایانی باسە ساڵی ڕابردووش (١٣٩٨ی هەتاوی) ٢٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆر هەوڵی خۆکوژییان دابوو، هەوڵەکانیان سەرکەوتوو بوون و کۆتاییان بە ژیانیان هێنابوو.

## قوربانییانی ڕووداوی کار

ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩دا زیاتر لە ١٥٠ کەس بووە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ٧٦ کەس لەوانی تۆمار کردوە، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بەهۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستانداردە ئیمەنییەکاندا بریندار و نقوستان بوون. «چاونیوز» ساڵی ڕابردوو (١٣٩٨)ش ناوی ٥٤ کرێکاری کوردی بڵاو کردبۆوە کە ببوونە قوربانیی ڕووداوی کار.

گیانلەدەستدان و نقوستانبوونی کرێکاران لە کوردستان بەهۆی ڕووداوی کارەوە لە حاڵێک دایە کە تەنیا سەدی ١٠ی ئەم کرێکارانەی لە کاتی کارکرندا تووشی ڕووداوی کار دەبن بیمەن و، سەدی ٩٠ی کرێکاران، بە تایبەت کرێکارانی کەرتی بیناسازی لەژێر چاودێریی هیچ بیمەیەکدا نین.

هەروەها بارودۆخی کرێکارانی کورد لە ساڵی ١٣٩٩ دڵتەزێنتر و نالەبارتر لە ساڵانی پێشوو بوو. بەهۆی پەتای کۆڕۆنا، قەیرانی ئابووری و ئاوسانی بازاڕ توانای کڕینی کرێکاران چەند هیندەی دیکەش لە کەمی دا. سەرباری ئەمەش مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە زۆربەی کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکانی وەک شارەوانی سێ مانگ و تەنانەت شەش مانگ دوا کەوتووە و ئەوە جیا لەوەی دەرکردن لە کار و بێکارکرانیان هەمیشە وەک مۆتەکە بەسەریانەوە بووە.

***

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی بەهاری ١٣٩٩ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=4300
* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی هاوینی ١٣٩٩ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=5249
* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی پاییزی ١٣٩٩ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=5991
* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی زستانی ١٣٩٩ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=6476

هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

خەڵکانی غەدرلێکراو لەسەر گۆی زەوی بۆ دابینکردنی ژیان و چێکردنی دادێیەکی گەش بۆ خۆیان و نەوەی داهاتوویان باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی، بۆوەی بە ئامانجە بەرهەقەکەیان واتە ڕزگاریی نیشتمان و دابینبوونی ئازادی و بە ئازاد ژیان بگەن.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەو نەتەوانەیە کە چەندین سەدەیە لەپێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی شۆڕش دەکا و لە ڕەوتی ئەو خەباتە دووردرێژەدا سەری زۆر سەردار چۆتە سەر دار و زۆر تێکۆشەر و ڕۆڵەی ئەو گەلە گیان و ژیانی خۆیان فیدای بەرژەوەندییەکانی نیشتمان کردووە. لە «هەگبەی شۆڕش و شاخ»ی ئەمجارەماندا یادێک لە یەکێک لەو ڕۆڵە نەسرەوتووانە، شەهید جەعفەر گوشوارە دەکەینەوە.

شەهید جەعفەر گوشوارە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە شاری پێشەوای کوردان، قازی محەممەد چاوی بە دنیا ڕوون کردەوە. ئەو لە خوێندنگە قوتابییەکی پیتۆل و وشیار و بەهۆش بوو، بەڵام بەهۆی گرفتی ژیان تەنیا توانیی پێنجی پۆلی سەرەتایی ببڕێ و دواتر بۆ باشترکردنی بژیوی ماڵەوە بەگژ نەهامەتییەکانی ژیان و کوێرەوەرییەکانی بەردەم ئەم سەختە ژیانەدا ڕۆ هات.

جەعفەر هەڵی دا و گەورە بوو. شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتبوو. ئەو کە هەمیشە ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی پێش هەموو شتێک دەخست، لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨دا هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتەوە. ئەو زۆر زوو دەریخست کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە، بۆیە هەر ئەو ساڵە شەهید جەعفەر بەشداریی چالاکانەی لە شەڕەکانی ٣ مانگە و شەڕەکانی سەقز و هەوشار و جادەی میاندواو- مەهاباددا کرد و لە هەموو ئەو شەڕانەدا جێپەنجەی دیار و قارەمانی نێو سەنگەر بوو. ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی کورد زۆر زوو جێگای خۆی لەنێو هاوسەنگەرانی و خەڵکدا کردەوە وەک قارەمانێکی مەیدانی تێکۆشان و خەبات ناوبانگی دەرکرد. ناوبانگی جەعفەر گوشوارە، وێڕای یوسفی برای، کەوتە سەر زار و زمانان و هەموو پێشمەرگەکان بە چاوی ڕێزەوە چاویان لێ دەکرد. دوای ئەوەی یەکەم جار شاری مەهاباد لە دەستی داگیرکەران پاک کرایەوە, جەعفەری نیشتمانپەروەر لە پاککردنەوەی مۆڵگەی ڕێژیم لەنێو شاردا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. ئەو سەرکەوتنە زیاتر خەباتی بەکردەوەی لە جەعفەردا بەهێز دەکرد، هەربۆیەش بڕیاری دا تا سەرکەوتن ڕێگای شۆڕشگێڕان بگرێتە پێش و لەگەڵ خەڵکی کوردستان و حیزبەکەی تێبکۆشێ. هەر بەو بۆچوون و بیروباوەڕە پیرۆزەوە زیاتر قۆڵی خەبات دژی داگیرکەران و هەموو ئەو کەسانەی دژی ئازادی بوون هەڵماڵی و لەمەیدانی کردەوەدا نیشانی دا کە کوڕێکی دڵسۆزە و پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە و خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی گەلی کوردە. ئەو تایبەتمەندییانە بوون بە هۆی ئەوەی بە فەرماندەری پەل و دواتر بە فەرماندەری لک دیاری بکرێ.

قارەمانەتی لە شەڕی سنە لە شەوی نەورۆزی ١٣٥٩ دا وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی ئەو پێشمەرگەیەی دێموکراتدا جێی خۆی کردەوە. ئەو لەو مەئمووریيەتەدا هەموو وزە و توانا و پسپۆڕیی خۆی بەکارهێنا و هەوڵیدا بە یارمەتیی فەرماندەرانی دیکەی هێزی پێشەوا لەو سەردەمەدا نموونەی هێزەکە بێ. هەروەها بە فەرماندەریی جەعفەر و فەرماندەکانی دیکە لە هێزی پێشەوا دەیان عەمەلیاتی قارەمانانە لەو مەڵبەندە کران و سەدان کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کوژران.

ئازایەتیی شەهید جەعفەر لە گرتنی پادگانی نەوسوود زیاتر لقوپۆی هاویشت، لە شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی مەهاباد، لە هەموو شەڕەکانی نێو شار، جادەی ورمێ- مەهاباد، جادەی مەهاباد- میاندواو، شەڕەکانی دەشتی شاروێران، لەو فیداکارییانەن کە لاپەڕەکانی مێژووی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان پێ ڕازاوەتەوە و بۆ هەمیشە لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان دەدرەوشێنەوە. ئەو خۆشەویستی کادر و پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکانی مەهاباد بوو. ڕێزی بۆ خەڵک دادەنا و زۆر جار دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت «من بۆیە لە گەڵ براکەم شەو و شەونخوونی دەکێشم تا خۆم و نەتەوەکەم نانێک بەخۆشی بخۆین و هەوای ئازادی هەڵمژین، بنەماڵەکەم وێڕای خەڵکی کوردستان لەچنگ زوڵم و زۆر ڕزگاریان بێ و ژیانێکی خۆش تێپەڕێنن».

ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ سروشتی جوانی کوردستان بەرەبەرە کراسی سەوزی بەهاری لەبەر دەکرد کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد پەلاماری گوندی «قونقەڵا»یان دا. شێرەکوڕانی دێموکرات زۆر ئازایانە بەرەنگاریان بوونەوە. کاتێک شەهید جەعفەر گوشوارە هەواڵی هێرشی کۆنەپەرەستانی بیست، لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بە هانای هاوسەنگەرانییەوە چوون. شەڕێکی گەرم و پڕ لە فیداکاری بۆ ڕۆڵەکانی دێموکرات بوو، بەڵام بۆ هێزەکانی ڕێژیم جەهەننەمێک بوو کە هیچکات ئەو شکستە لەبیر نەکەن. پێشمەرگەکان لەم ڕۆژەدا دەرسێکی باشیان بە هێزی هێرشکەران دا و پاشەکشەیان پێ کردن و دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن جەندەکیان کەوتە سەر عەرز. بەڵام ئەم ڕۆژە ئاخرین فیداکاریی جەعفەری گوشوارە بوو، و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی براکەی یۆسف گوشوارە و پێنج قارەمانی دیکە بە ناوەکانی خالید ئەبوو شاهی، ئەبووبکر ئوستاد ئەحمەدی، کەماڵ عەلیزادە، ئەبووبەکر فەقێ ئیبراهیمی و خەلیل مەرزەنگ بوو و دەشتی شاروێرانیان بە خوێنی خۆیان سوور کرد.

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

## (٢-١)

**یوڤال نوح هەراری – فایناشناڵ تایمز**



و: کەماڵ حەسەنپوور

چۆن دەتوانین ساڵی کۆرۆنا لە ڕوانگەیەکی بەرینی مێژووییەوە کورت بکەینەوە؟ زۆر کەس پێیان‌وایە ئەو ڕێژە ترسناکە قوربانییانەی کۆرۆنا ئەستاندوونی بێدەسەڵاتیی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر سروشت ئاشکرا دەکەن. لە ڕاستیدا، ٢٠٢٠ ئاشکرای کرد کە مرۆڤایەتی گەلێک لە بێدەسەڵاتی دوورە. پەتاکان چیدیکە هێزی کۆنترۆڵنەکراوی سروشت نین. زانست ئەوانی کردووەتە ئالنگارییەک کە دەکرێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

کە وابوو، بۆچی ئەو هەموو مەرگ و ئازار چێشتنە؟ لەبەر بڕیاری سیاسیی هەڵە.

لە سەردەمانی پێشوو، کاتێک مرۆڤ بەرەوڕووی پەتای وەک تاعوونە ڕەشە بوونەوە، نەیاندەزانی هۆیەکەی چییە و چۆن پێشی پێ دەگیرێ. کاتێک لە ١٩١٨ هەڵامەت بڵاو بۆوە، باشترین زانانی دنیا نەیاندەتوانی ڤایرۆسەکە دەستنیشان بکەن، بەشێکی زۆر لە ڕێگاچارەکانی ڕەچاو کراو بێ‌کەڵک بوون و، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پێکوتەیەکی کاریگەر بێ‌ئاکام بوون.

شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆڤید-١٩ گەلێک جیاواز بوو. یەکەم زەنگەکانی هۆشداریی ئەگەری بڵاو بوونەوەی پەتایەکی نوێ، لە کۆتاییەکانی دێسامبری ٢٠١٩ وەدەنگ‌هاتن. لە ١٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠، زانایان نە تەنیا ڤایرۆسەکەیان دەستنیشان کرد، بەڵکو وەردەکاریی دی ئێن ئەیەکەیان دیتبۆوە و زانیارییەکەیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کردەوە. دوای چەند مانگی دیکە ئاشکرا بوو کە کام هەنگاوانە دەبنە هۆی هێواش کردنەوە و لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی هەوکردنەکان. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک چەند پێکوتەی کاریگەر بەشێوەی بەربڵاو بەرهەم هێنران. لە شەڕی نێوان مرۆڤ و ڤایرۆسی نەخۆشکار، هەرگیز مرۆڤەکان هێندە خاوەن هێز نەبوون.

### ژیان بۆ سەرهێڵ گوازرایەوە

هاوکات لەگەڵ دەسکەوتە تاقانەکانی بایۆتەکنەلۆژی، ساڵی کۆڤید بە هەمان شێوە جەختی لەسەر هێزی تەکنەلۆژی زانیارییش کردەوە. لە سەردەمانی پێشووتر مرۆڤایەتی بە دەگمەن توانای وەستاندنی پەتای هەبووە، چونکە مرۆڤەکان نەیاندەتوانی چاودێریی زنجیرەی هەوکردنەکان لە کاتی ڕوودانیان‌دا بکەن و، لەبەر تێچووی ئابووریی داخستنی بەردەوام یاساغ بوو. لە ١٩١٨ دەکرا ئەو خەڵکە کەرەنتینە بکەی کە تووشی هەڵامەتە مەترسیدارەکە بوون، بەڵام نەتدەوانی جموجۆڵی کەسانی تووشبوو، پێش دەرکەوتنی ئاسەوارەکان یان بێ‌ئاسەوارەکان، بخەیە ژێر چاودێرییەوە. ئەگەر داوات لە سەرجەم دانیشتووان کردبا بۆ ماوەی چەند حەوتوو لەماڵەکانیاندا بمێننەوە، دەبووە هۆی تێکڕمانی ئابووری، لێکهەڵتەکانی کۆمەڵایەتی و برسیەتیی جەماوەری.

بە پێچەوانە، لە ٢٠٢٠ چاودێریی دیجیتاڵی، دەستنیشان‌کردن و چاودێری‌کردنی سەرچاوەکانی نەخۆشی زۆر هاسانتر کردووە، بەو مانایە کە کەرەنتینەکردن دەکرێ بژارکراوتر و کاریگەرتر بێ. شتێک کە تەنانەت گرینگتریشە ئەوەیە کە ئۆتومات کردن و ئینتەرنێت هەلی داخستنی بەربڵاو، لانیکەم لە وڵاتانی گەشە کردووی ڕەخساند. لە کاتێکدا کە لە هێندێک وڵاتی گەشەئەستێن ئەزموونی مرۆڤ هێشتا بیرهێنەرەوەی پەتاکانی سەردەمانی ڕابردوو بوو، لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی گەشەکردوو، شۆڕشی دیجیتاڵی هەموو شتێکی گۆڕی.

بڕوانە کەرتی کشتوکاڵ. هەزاران ساڵ بەرهەمهێنانی خواردەمەنی پشتی بە هێزی کاری مرۆڤ بەستبوو و، نزیکەی ٪٩٠ خەڵک لەو کەرتەدا کاریان دەکرد. ئەمڕۆ چیدیکە لە وڵاتانی گەشەکردوو بەو شێوە نییە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، تەنیا نزیکەی ٪ ١،٥ لە خەڵک وەرزێڕن، بەڵام ئەوە نەتەنیا بۆ دابین‌کردنی خواردەمەنی بۆ سەرجەم دانیشتووانی وڵات بەسە بەڵکو وڵاتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی هەناردە کردنی خواردەمەنییە. نزیکەی سەرجەم کاری وەرزێڕی بە مەکینە جێبەجێ دەکرێ، کە تووشی نەخۆشی نابن. بۆیە داخستنەکان تەنیا کاریگەریی سنووردداریان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەیە.

بیر لە کێڵگەیەکی گەنم لە هەڕەتی تاعوونە ڕەشە بکەوە. ئەگەر لە کاتی دەروێنەدا بە وەرزێڕان بڵێی لە ماڵەوە بمێننەوە، تووشی قاتی و قڕی دەبنەوە. ئەگەر بە وەرزێڕان بڵێی وەرن دروێنە بکەن، ئەگەری ئەوە هەیە کە یەکتر نەخۆش بکەن. چارە چییە؟

ئێستا لە ٢٠٢٠ بیر لە هەمان کێڵگە بکەنەوە. کۆمباینێکی تەیارکراو بە جی پی ئێس، دەتوانێ سەرجەم کێڵگەکە بە کاریگەرییەکی زۆرترەوە، بێ مەترسیی گیرۆدە بوون دروێنە بکا. لە کاتێکدا کە لە ١٣٤٩ وەرزێڕێک ٥ باقە گەنمی دروێنە دەکرد، لە ٢٠١٤ کۆمباینێک ڕێکۆردی دروێنە کردنی ٣٠٠٠٠ باقە گەنمی لە ڕۆژێکدا تۆمار کرد. لە ئاکامدا کۆڤید-١٩ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕێژەی بەرهەمهێنانی جیهانیی دانەوێڵە ئاساییەکان وەک گەنم، گەنمە شامی و برینج نەبوو.

بۆ تێرکردنی خەڵک تەنیا دروێنەی دانەوێڵە بەس نییە. بە هەمان شێوە پێویستیت بە گواستنەوەیەتی، هێندێک جار زیاتر لە هەزاران کیلۆمیتر. سەردەمانێکی دوورودرێژ، بازرگانی یەکێک لە تاوانکارە سەرەکییەکانی بڵاو بوونەوەی پەتا بوو. ڤایرۆسی کوشندە بە پاپۆڕە بازرگانییەکان و کاروانەکانی ڕێگای دوور بۆ ئەمسەر ئەوسەری دنیا دەگوازرانەوە. بۆ وێنە، تاعوونە ڕەشە لە خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بە جادەی ئاوریشمدا بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوازرایەوە و، پاپۆڕی بازرگانانی جێنۆڤا [ئیتالیا] هێنایانە ئەورووپا. بازرگانی هەڕەشەیەکی هێندە کوشندە بوو چونکە هەر گالیسکەیەک، گالیسکەوانێکی پێویست بوو، دەیان دەریاوان پێویست بوون تا پاپۆڕێکی بچووکی دەریایی بخەنە گەڕ و پاپۆڕە قەرەباڵغەکان و میوانخانەکان شوێنی سەرهەڵدانی نەخۆشییان بوون.

لە ٢٠٢٠، بازرگانیی جیهانی دەتوانێ کەم‌تاکورت بێ گیروگرفت بەردەوام بێ، چونکە مرۆڤێکی زۆر کەمتر پێوەی سەرقاڵن. پاپۆڕێکی کانتینەر هەڵگر کە تا ڕادەیەکی زۆر ئۆتوماتە، دەتوانێ باری زۆرتر لە هی سەرجەم کەشتییە بازرگانییەکی پاشایەتییەکی پێشکەوتووی سەردەمانی پێشوو هەڵگرێ. لە ١٥٨٢، کۆی توانایی بارهەڵگریی هێزی بازرگانی دەریایی ئینگلیز ٦٨٠٠٠ تۆن بوو و پێویستی بە ١٦٠٠٠ مەلەوان هەبوو. پاپۆڕی کانتینەر هەڵگری ئۆ ئۆ سی ئێل هۆنگ کۆنگ، لە ٢٠١٧ یەکەم سەفەری خۆی دەست پێکرد، ئەو دەتوانێ ٢٠٠٠٠٠ تۆن بار هەڵگرێ و تەنیا پێویستی بە ٢٢ سەرنشینە.

ئەوە ڕاستە کە پاپۆڕی گەشتیاری بە سەدان توریستەوە و فڕۆکەی پڕ لە مسافیر دەورێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی کۆڤید-١٩ دا هەبوو. بەڵام توریسم و سەفەر زۆر بۆ بازرگانی گرینگ نین. توریستەکان دەتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە و خەڵکی سەرقاڵی بازرگانی دەتوانن کەڵک لە زووم وەرگرن، لە کاتێکدا پاپۆڕی ئۆتومات و شەمەندەفەری چۆل یارمەتیدەری بەردەوامیی ئابووریی جیهانین. لە کاتێک‌دا کە توریسمی نێونەتەوەیی لە ٢٠٢٠ تێکڕما، ئاستی بازرگانی دەریایی جیهان تەنیا ٪٤ دابەزی.

ئۆتۆماتکردن و بە دیجیتاڵی‌کردن تەنانەت کاریگەرییەکی بەرچاوتری لەسەر خزمەتگوزارییەکان هەبووە. لە ١٩١٨، کەس بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە قاوەخانەکان، قوتابخانەکان، دادگاکان و کڵێساکان بتوانن لەکاتی داخرانی گشتیدا درێژە بە کارەکانیان بدەن. ئەگەر قوتابییان و مامۆستایان لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە، چۆن وانەکان درێژەیان دەبێ؟ ئەوڕۆ ئێمە جوابی ئەو پرسیارە دەزانین. چوونە سەرهێڵ گەلێک لایەنی نەرێنیی هەن، لانیکەم لە بواری دەروونییەوە تێچوویەکی گەلێک قورسی هەیە. ئەو بە هەمان شێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفتی ئەوتۆ کە پێشتر بە خەیاڵدا نەدەهاتن، وەک بەشداریی پارێزەران وەکوو پشیلە [ئاماژە بە ڕووداوێکە کە لەویدا پارێزەرێکی ئەمریکایی بە هەڵە فیلتەری پشیلە لە بەرنامەی زوومدا چالاک دەکا و لە کۆبوونەوەیەکی سەرهێڵ لەگەڵ دادوەرێک وەک پشیلە دەر دەکەوێ. و.]. بەڵام ئەو ڕاستییە کە توانرا ئەو کارە بکرێ سەرسوڕ هێنەرە.

لە ١٩١٨ مرۆڤ تەنیا بە شێوەی فیزیکی لە دنیادا دەژیا و، کاتێک ڤایرۆسی کوشندەی هەڵامەت بە دنیایەدا بڵاو بۆوە، مرۆڤایەتی هیچ شوێنێکی نەبوو بۆی ڕا بکا. ئێستا زۆربەی ئێمە لە دوو دنیادا دەژین، دنیای فیزیکی و مەجازی. لە کاتێکدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دنیای فیزیکیدا دەخولاوە، خەڵکێکی زۆر بەشێکی بەرچاوی ژیانی خۆیان بۆ دنیای مەجازی گواستەوە، شوێنێک کە ڤایرۆسەکە نەیدەتوانی بۆ ئەوێ وەدوایان بکەوێ.

بێگومان، مرۆڤەکان هێشتا بوونەوەرێکی فیزیکین و، هەموو شتێک ناکرێتە دیجیتاڵی. ساڵی کۆڤید دەوری یەکلاکەرەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پیشە کەم داهاتەکانی بۆ بەردەوامیی شارستانییەتی مرۆڤ ئاشکرا کرد: یاریدەدەرانی نەخۆشان، کرێکارانی بەشی پاقژی، شۆفیری بارهەڵگرەکان، فرۆشیارەکان و ئەوانی خواردەمەنی و کاڵا دەگەیەننە کڕیاران. زۆر جار دەگوترێ هەر شارستانییەتێک تەنیا سێ ژەم لە دڕندەیی دوورە. لە ٢٠٢٠، ئەو خەڵکانەی خواردەمەنییان دەگەیاندە دەست کڕیاران هێڵی باریکی پاراستنی یەکگرتوویی شارستانییەت بوون. ئەوان بوونە هێڵی هەرە گرینگی ژیانی ئێمە لە دنیای فیزیکی‌دا.

### ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت



لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی خەریکی ئۆتوماتیک‌کردن، دیجیتاڵ‌کردن و گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ سەر هێڵە، ئەوە ئێمە تووشی مەترسیی نوێ دەکا. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکانی ساڵی کۆڤید ئەوەیە کە ئینتەرنێت لەکار نەکەوت. کاتێک ئێمە لەناکاو ڕێژەی هاتوچۆی بەسەر پردێکدا زیاد دەکەین، چاوەڕوانی لە جمین‌کەوتنی ترافیک و تەنانەت تێکڕمانی پردەکە دەکەین. لە ٢٠٢٠، قوتابخانەکان، فەرمانگەکان و کڵێساکان نزیکەی هاوکات گواستیانەوە سەرهێڵ، بەڵام ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت.

ئێمە هەڵوێستەمان نەکرد تا بیری لێ بکەینەوە، بەڵام دەبوو ئەو کارەمان کردبا. دوای ٢٠٢٠ دەزانین کە ژیان دەتوانێ تەنانەت کاتێک کە هەموو وڵات لە ڕوانگەی فیزیکییەوە دادەخرێ، ژیان بەردەوام دەبێ. ئێستا بیر لەوە بکەنەوە چ دەقەومێ ئەگەر ژێرخانی دیجیتاڵ دارمێ.

تەکنەلۆژیی زانیاری ئێمەی لە بەرانبەر ڤایرۆسی زیندوو خۆڕاگر کردووە، بەڵام بەهەمان شێوە ئێمەی لە بەرانبەر ماڵوێر [بەرنامەی زەرەر گەیەنی کامپیوتێری] و شەڕی سایبەری ناسک و قابیلی زەرەر پێ گەیاندن کردووە. خەڵک زۆر جار دەپرسێ: "کۆڤیدی داهاتوو چییە؟" هێرشێک بۆ سەر ژێرخانی دیجیتاڵیی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین بژارەکانە. ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند مانگی پێچوو تا بە دنیادا بڵاو بێتەوە و بە میلیۆنان خەڵک گیرۆدە بکا. ژێرخانی دیجیتاڵی ئێمە لەوانەیە بە تاقە ڕۆژێک دارمێ. لە کاتێکدا کە قوتابخانەکان و فەرمانگەکان دەتوانن خێرا بێنە سەرهێڵ، پێتان وایە چەند کات دەخایەنێ تا لە ئیمەیلەوە بگوازینەوە بۆ ناردنی نامەی کۆنباو؟

(بەشی دووهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا)

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# شەمشەمەکوێرەی دووپێ حەزی لە چ تاریکەشەوێکە؟

میللەتی دواکەوتوو بە زەحمەت لە ڕاستی تێ‌دەگا و پێش دەکەوێ. میللەتانی جیهان هەتا نوێتر دەبنەوە، عاقڵتر دەبن و زیاتر تێ‌دەگەن. میللەتی ئێمەش پێچەوانەیە، هەتا زیاتر دەڕواتە پێش داب و نەریت و خوو خدەی باشی ڕابردووانیانیشی بە لاوە دەنێت. لێرەدا مەبەست لە میللەت نەتەوە نییە. کەیفی خۆتانە ئێوە میللەت بە چ پێناسەیەک دەناسێنن، بەڵام "میللەت" لێرەدا هەموو خەڵکی نێو چوارچێوەی جوغرافیایەکی سیاسی دەگرێتەوە کە یەک دەستەڵاتدار خۆی بە دەمڕاست و کەللا و کەیخودای دەزانێ و نەتەوە و مەتەوەی دیکەی نێو ئەم جوغرافیایەش فت.

وەک گوتمان میللەتی دواکەوتوو زۆر خوو و خدەی ڕابردووانی لەبیر نامێنێ. ئەو ڕابردووانەی هەنێکجار مەودای دوور و درێژیان بە هەنگاوێکی سووک بڕیوە. بۆ وێنە لە گوندێک کە چەندین ئەویندار و عاشقی پیاوی تێدا بووە، هەموویان هەوڵیان داوە لە ئەشکەوت یان لە کۆنەئاغەڵان شەمشەمە کوێرەیەک بدۆزنەوە و بە زیندوویی بیگرن. خەڵکی ئەوکاتیش وەک ئێستا دەست‌قووچاو نەبوون. هەرکەس شەمشەمەکوێرەی بە زیندوویی گرتبایە، سەرەتا خۆی هەردوو باڵی دەگرت، سەرەوبنی دەکرد و چۆڕە ئاوێکی تێدەکرد و دەیخواردەوە. ئەم کارە بۆ نەرم‌بوونی دڵی کچان یەکاویەک بووە و وەک دەڵێن دڵی کچانی نەرم کردووە و مەخسوودی دڵی کوڕانی عاشق بۆ پێگەیشتنیان بە خێرایی ڕۆشتینی تیشک حاسڵ بووە. پاشان شەمەشەکوێرەی بەدیل‌گیراو لە نێو گوندی‌دا دەست بەدەست گێڕدراوە. ئەوانەی عاشقیش نەبوون بۆ وەدی‌هاتنی ئاوات و ئارەزووی دیکەیان چۆڕە ئاوێکیان لە قووڵایی باڵیەوە فڕ کردووە. وەبزانم ئاوخواردنەوە بە باڵی شەمشەمەکوێرە بۆ ژنان ڕەوا نەبووە. یان بە هۆی مێینەبوونیانەوە و لە ترسی پیاوان نەیانوێراوە بە ئاشکرا لە شەمشەمە کوێرەش نزیک ببنەوە. ژنان هەرلە بنەڕەت‌ڕا ڕکیان لە شەمشەمە کوێرانە.

ڕەنگە بپرسن میللەت و شەمشەمەکوێرە کوجا مەرحەبا؟ هەزار ڕەحمەت لەو پیر و پێشینیانەی دڵۆپ دڵۆپ ئاوی سەر باڵی شەمەشەمەکوێرەیان وەک ئارەقی سەرگۆنا و بەرگەردنی یار ڕاموسیوە. ئێستا ئەوانەی درێژەپێدەری ئەم هزرەن بە خۆشییەوە لە نێومان‌دا لەکەمییان داوە، بەڵام کەسی وایان هەیە جڵەوی سەرۆکایەتی و ڕێبەریی ملیلەتیشی بەدەستە.

ئەمەی سەرەوە باسی سەردمی کۆنی ناسین و تێگەیشتن لە سوود و بەهرەی شەمەشمە کوێرە بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا سەبارەت بەم بوونەوەرە فریشتە ئاسایە دەرکەوتووە هەر لە گوتن نایە. مەبەستم لە فریشتە، "فریشتەی نەجات" یان فریشتەی ڕزگارییە. دیارە فریشتەی ڕزگاری دەست و باڵی ئەوەندە ئاوەڵا نییە بە دادی هەموو کەس بگا و لە بنەڕەت‌ڕا پێوەندیی نێوان شەمشەمەکوێرە و فریشتەش کەمێک پێچەڵاوپووچە. شەمشەکوێرەیەک حەزی لە تاریکی بێت و لە ترسی بوونەوەری دیکە قاچی لە میچی ئەشکەوتان قایم بکا و لەوێوە بە سەوروبن هەڵواسراوی بخەوێ، ئەگەر ببێتە فریشتەی نەجاتیش کەسانی وەک خۆی شەوپەرست و ترسنۆک و تاریکی‌خواز ڕزگار دەکا. چونکە شەمەشمەکوێرە کەسان و گرووپی شەوپەرست و ترسنۆک و تاریکی‌خواز ڕزگار دەکا و مانای وشەی "ڕزگاری"یش لەگەڵ ئەمانە ناگونجێ، ناچارین بە قسەی خۆمان‌دا بچینەوە و ئەم وشەی "ڕزگاری"یە کە بەمانای دەرچوون لەژێر کۆیلەتی و دیلی و سەربەستییە، بە وشەی "قوتار" بیگۆڕینەوە کە ئەویش بەمانای ڕاکردن و دەچوون لە دۆخێکە و هیچ بۆرە پێوەندییەکیشی بە سەربەستییەوە نییە. لیرەدا بە ناچاری و بە جۆرێکی کاتی و بۆ ئەم بەمەستە دیاریکراوە، دەست بۆ بەرهەمی خەیاڵ و دەستڕەنگینیی و ڕەوانبێژیی نووسەرانی زمانپاراو دەبەین و دەستەواژەی "فریشتەی ڕزگاری" دەکەین بە "فریشتەی قوتارکەر". دیارە قوتار"کەر"یش تەنیا بوونەوەرێکی سنووردار قوتار دەکا.

دوای ئەوەی زانایان و توێژەران بۆیان درکەوت شەمشەکوێرە ئەرکی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ مرۆڤی گرتووەتە ئەستۆ، خەڵکیکی زۆر سەریان سووڕ ما، بەڵام شارەزایانی خێوی میللەتی نەزان قووڵتر بیریان لەم بابەتە کردەوە. دوای لێکدانەوەیەکی خێرا چوونەوە سەر بنج و بناوانی خۆیان و خزمایەتیی شەمشەمەکوێرە و دۆخەکەیان قۆزتەوە و هەوڵیان دا بە واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ وڵاتی شەمشەمەکوێران یارمەتیی فریشتە قوتارکەر بقۆزنەوە. بەڵام سیاسەت‌زانانی چین خاوەنە شەمشەکوێرەن و ئەمانەی لای خۆمان خۆیان شەمشمەکوێرەن، ئاکامی ئەمەیە ئەوان مروڤن و ئەمانە نا.

زانایان دەڵێن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەمشە کوێرە ئەمەیە لە تاریکی‌دا سیگناڵێکی هەست‌پێنەکراو بەرەو بەرانبەر خۆیان دەهاوێ خێرا خێرا زایەڵەی سیگناڵەکە بۆی دەگەڕێتەوە بەم جۆرە کە لە تاریکی‌دا دەفڕێ. شەمشەمەکوێڕەی دووپێش هەر وا دەکا، تەنیا جیاوازی لە جۆری تاریکی‌دایە. شەمشەمەکوێرەی باڵدار تاریکیی سروشتی دەوێ و ئەوەی دووپێیەکە لەنێو تاریکیی مێشکی مرۆڤ‌دا باڵ دەگرێ. لەسایەی مانەوەی دەستەڵاتی نزیک نیوسەدەی شەمەشمەکوێرەی دووپێدا سەلێمنراوە مێشکی میللەت‌دا چ تاریکەشەوێکە.

***

کوردستان
ژمارە ٧٩٥
١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠٢١

# بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران، لە سەرەتاوە تا ئێستا



لوقمان مۆئمینی

ئێران زۆرجار ئیدیعای ئەوەی کردووە کە نایەوێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و، وزەی ئەتۆم و پرۆگرامی ئەتۆمییان تەنیا بۆ خزمەتگوزاری و ئاوەدانی، هەروەها پەرەپێدان بە هێز و توانای مووشەکی یان بۆ پاراستن و ئاسایشی خەڵکی ئێران دەوێ. بەڵام سیاسەتی شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و جیهاندا، شاراوەبوونی چالاکییە ناوکییەکانی و هەروەها پەرەپێدان بە هێز و توانای مووشەکی و ناوە ناوە تاقیکردنەوەی نوێی مووشەکی وای لە ئێران کردووە کە متمانەی وڵاتانی ناوچە و جیهان لە دەست بدا و بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی دنیا و ناوچەکەی بزانن، هەروەها تۆمەتبارە بەوەی کە سەرقاڵی دروووستکردنی چەکی ئەتۆمییە. ئەو پرسیارە لەو بەستێنەدا هەمیشە کراوەیە کە ئاخۆ ئیدیعاکانی ئێران و بەرنامەی ئەتۆمی و پەرەپێدانە مووشەکییەکانی بۆ مەبەستی ئاشتییانەیە؟ یان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا؟

بێگومان کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردودا هیچکات جێگای متمانەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی نەبووە، هەمیشە خەڵکی ئێران لەبەر نەبوونی ئەو متمانە نێودەوڵەتییە تووشی نەهامەتی، برسیەتی، چارەڕەشی و بێدەرەتانی بوونە و لەژێر حوکمی ئەم سیستەمە ئایدیۆلۆژیکیە ڕۆژی خۆشییان بە خۆیانەوە نەدیوە. ئێستا خەڵکی ئێران لە سایەی پرۆژە سیاسی، نیزامی، ئابووری و ئەتۆمییەکانی ئەم دەسەڵاتە بارودۆخێکی زۆر ئاستەم تێپەر دەکەن، بە هۆی ئەو سزا ئابوورییە تاقەتپڕوکێنەی بە سەر ئێراندا سەپاوە خەڵک بڕستی لێبڕاوە و بە ژانەوە دەژین، ئەوە بێجگە لەوەی بە درێژایی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە، خوێن لە جەستەی خەڵکی ئێران دەچۆڕێ، پڕکردنی بەندیخانەکان لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ڕووناکبیری، نەبوونی ئازادیی تاکە کەسی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئێعدام، کوشتنی کۆڵبەران، بە کوشتدانی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە لە عێراق و سووریە، بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی وڵات و پێشکەشکردنی بە حیزبوڵڵا و گرووپە تێرۆریستەکانی دیکە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی و هتد... کارنامەی ڕەش و پڕ لە ژانی کۆماری ئیسلامی دەنەخشێنن.

بۆیە وێناچێ ئەو هەوراز و نشێوەی لە مێژووی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێراندا ڕووی داوە و هەروا درێژەی هەیە، پەرەپێدان بە توانای مووشەکی و سیاسەتە شەڕەنگێزیەکانی ڕێژیمی ئێران ببێتە مایەی خێروخۆشی و ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵکی ئێران. بە پێچەوانە هەتا ئێستا جگە لە بەدبەختی، برسیەتی، چارەڕەشی و ماڵوێرانی لەو نێعمەتە ئیلاهیەی کۆماری ئیسلامی شتێکی دیکەیان بە نسیب نەبووە.

## دەست پێڕاگەیشتن و پەرەپێدانی مووشەکیی ئێران

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سووریە و لیبی لە ساڵی ١٣٦٤ی زایینییەوە دەستی بە مووشەک و دواتر تێکنۆلۆژیی مووشەکی ڕاگەیشت. لە سەرەتادا ئێران ١٣ کەس لە ئەفسەر و پلەدارەکانی خۆی بە بەرپرسایەتی "حەسەن تێهرانی موقەدەم" کە دواتر بە باوکی مووشەکی و ئەندازیاری پرۆژەی مووشەکی بالیستیکی ئێران ناسرا، بە نهێنی بۆ سووریەیان ناردن و لە تیپی ١٥٥ی مووشەکیی ئەو وڵاتەدا دەورەی فێربوون و ئامادەکردن و هاویشتنی مووشەکیان دی و گەڕاونەوە ئێران. دواتر بە کڕینی مووشەک لە لیبی (جۆری سکۆد B ) سازکراوی ڕووسیە و بەکارهێنانی لە شەڕی عێراق یەکەم هەنگاوی بۆ گرتنەبەری سیاسەتی مووشەکی گرتە بەر. (١٣٩٩/١/٥، خبرگزاری برنا)

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی مێژووی مووشەکیی خۆیدا تا ئێستا چوار جار ڕاستەوخۆ مووشەکەکانی بە دژی نەیار و دوژمنەکانی بەکار هێناون:

١. لە شەڕی ئێران_عێراق کە گەورەترین شەڕی مووشەکیی مێژووی ناوچەکە بووە.

٢. مووشەکی شەهابی١ی کە کۆپیکراوی مووشەکی سکۆد Bی ڕووسیە بوو، لە دژی موجاهیدینی خەلق لە کەمپی ئەشرەف بەکار هێنا.

٣. مووشەکی فاتحی ١١٠ی دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئامانجگرتنی "قەڵای دێموکرات" لە نیزیک کۆیە بەکار هێنا.

٤. مووشەکی فاتح ٣١٣ کە جۆری پێشکەوتوتری فاتح ١١٠ـە بە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە بنکەی عین ئەسەد لەپارێزگای ئەنبار بەکاری هێنا.

بەڵام دەکرێ بڵێین بەشێک لە مووشەکەکانی تری ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای حیزبوڵڵا و گرووپەکانی دیکەی سەر بە ئێران لە ناوچەکەدا بە دژی ئیسڕائیل، سعوودی و زۆر لایەنی دیکە بەکارهێناوە.

زاراوەی "هەڕەشەی مووشەکی ئێران" لە دوای هاتنە سەرکاری "جۆرج دەبلیۆ بۆش" لە ئەمریکا هاتە کایەوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئێران بەردەوام لەژێر گوشار و کاردانەوەی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ئەمریکادا بووە، کاردانەوەی وڵاتان و هەڕەشەکانی ئەمریکا نەک ڕێژیمی ئێرانی لە چالاکی و پەرەپێدانی مووشەکی پاشگەز نەکردۆتەوە بەڵکوو بە پێچەوانە لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی چالاکی و پەرەپێدانی مووشەکیی ئێران بەرزتر بۆتەوە. هەرچەند ئاماری وردی ژمارە و جۆری مووشەکەکانی ئێران لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەوڵ دەدەین ئاماژە بە هێندێک لە جۆر و توانایی مووشەکەکانی ئێران بکەین.

لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە کاتی بەڕێوەچوونی مانۆڕی نیزامیی ناسراو بە "پێغەمبەری مەزن" ئێران هێندێک مووشەکی بالیستیکی مەوداکورت و مەودادرێژی تاقی کردەوە و لە نێویاندا مووشەکی شەهابی٣ تاقی کرایەوە کە دەتوانێ مەودای ١٣٠٠کیلۆمیتر ببڕێ و ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بپێکێ. پێشتر مووشەکەکانی شەهابی ٢-١ دروست کرابوون کە دەیانتوانی ٣٠٠ هەتا٥٠٠ کیلۆمیتر ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. ساڵێک دواتر لە ١٣٨٦ ئێران جۆرێکی نوێتری مووشەکی شەهابی ٣ی تاقی کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەو جۆرەیان هەتا مەودای ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دەبڕێ. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا مووشەکی "قەدەر"یشی تاقی کردەوە، ئەو مووشەکە لە توانای‌دایە ئامانجەکانی خۆی لە ١٨٠٠ کیلۆمیتری بپێکێ.

سەرەتای ساڵی ١٣٨٨ ئێران مانگی دەسکردی "ئۆمید"ی نارد بۆشایی ئاسمان و هەر لەو ساڵەدا مووشەکی "سجیل ٢"ی تاقی کردەوە، ئەو مووشەکە مەودای ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دەبڕێ، کێشەکەی ٢٣ تۆن و نیوە و درێژییەکەی ١٨ میتر و ٢١ سانتیمیترە کە بە قورسترین مووشەکی ئێران ناسراوە. تایبەتمەندیی ئەو مووشەکە ئەوەیە کە زۆر بە خێرایی ئامادەی هاویشتن دەکرێ، لە سووتەمەنیی ڕەق (جامد) کەڵک وەردەگرێ و ئەوەش بۆتە هۆی خێرایی زیاتری ئەو مووشەکە و ئەگەری خستنە خوارەوەی لە ئاسماندا کەم دەکاتەوە.

ئێران لە ١٣٩٠ جۆرێکی نوێتر و پێشکەوتووتری مووشەکی "عاشورا" و "شەهاب"ی تاقی کردەوە کە مەودای ٢٠٠٠ کیلۆمیتریان دەبڕی، ئەم تاقیکردنەوە و پەرەپێدانە مووشەکییەی ئێران و هاوکات لە گەڵ ئەوەش ڕەوانەکردنی مانگە دەستکردەکانی"ئۆمید، کاوشگەری١، میسباح و سینا ١و..."، بوونە هۆی نیگەرانیی زیاتری وڵاتانی جیهان و ناوچەکە، بەڵام ئێران بەبێ گوێدان و نیگەرانیی وڵاتانی جیهان سوور بوو لە سەر تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی.

هەر لەو ساڵەدا مووشەکی "کەنداوی فارس" کە لە سووتەمەنیی ڕەق کەڵک وەردەگرێ و توانای بڕینی ٣٠٠ کیلۆمیتری هەیە بۆ لێدانی ئامانجە دەریاییەکان تاقی کردەوە. هەروەها ساڵی ١٣٩١ مووشەکەکانی "فاتح١١٠" و "قیام"ی تاقی کردەوە کە مووشەکی قیام دەتوانێ ئامانجەکانی لە ٨٠٠ کیلۆمیتری بپێکێ، ئێران ڕایگەیاند ئەو مووشەکە بۆ هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دروست کراوە. (١٣٩٨/٨/٨، تابناک)

ساڵی ١٣٩٣ ئێران چەند مووشەکێکی مەوداکورتی دیکەی وەک مووشەکی "زلزال" کە درێژییەکەی ٨/٢٣ میترە و کێشی ٢٩٥٠ کیلۆگرەمە دەتوانێ ١٢٥ کیلۆمیتر بپێوێ، دواتر جۆری نوێتر و پێشکەوتووتری (زلزال٢-3) تاقی کردەوە و هاوکات لەگەڵ زلزال مووشەکەکانی "نازعات" و "فەجر" تاقی کرانەوە.

مووشەکی "عیماد" یەکێکی دیکە بوو لەو مووشەکانەی کە ئێران لە ساڵی ١٣٩٤ تاقی کردەوە. مووشەکی عیماد دەتوانی ئامانجەکەی لە ١٧٠٠ کیلۆمیتری بپێکێ بە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئێران ئەم مووشەکە هەتا ئەو کاتەی ئامانجەکەی دەپێکێ دەتوانرێ کۆنتڕۆل بکرێ. هەر لەو ساڵەدا ئێران مووشەکی "قەدەر" ١١٠ی تاقی کردەوە ئەو مووشەکە دەتوانێ مەودای ١٩٠٠ کیلۆمیتر ببڕێ وتوانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمی هەیە.

ساڵێک دواتر لە ١٣٩٥ دوو مووشەکی نوێی جۆری "قەدرH" و"قەدرF" ی تاقی کردەوە ئەو مووشەکانە مەودای ١٤٠٠ و ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دەبڕن و بە زمانی عیبری لە سەریان نووسراوە "دەبێ ئیسڕائیل لەسەر نەخشەی جیهان بسڕێتەوە"، دوای ئەوە هەر لەو ساڵەدا مووشەکی مەودا کورتی "زولفەقار"ی تاقی کردەوە کە دەتوانێ ٧٠٠ هەتا ٧٥٠ کیلۆمیتر ببڕێ.

لە ساڵی ١٣٩٦ ئێران دووبارە جۆرێکی پێشکەوتووتری مووشەکی فاتح ی تاقی کردەوە، هەرلەو ساڵەدا لە بۆنەی بە ناو "بەرگریی پیرۆز"دا بە بەشداریی حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران نوێترین مووشەکی بالیستیکی "خۆڕەمشار" تاقی کرایەوە، بەگوتەی بەرپرسانی ئێران ئەو مووشەکە توانای بڕینی ٢٠٠٠ کیلۆمیتر و هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمیی هەیە لە جیاتی هەڵگرتنی یەک کلاوە لە توانای دایە چەند کلاوەی ئەتۆمی هەڵبگرێ.

## پرۆگرامیی ئەتۆمیی ئێران

مێژووی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران بۆ ساڵی ١٣٢٩ی زایینی دەگەڕێتەوە، ئێران لەوکاتەوە بە نیازی دامەزراندنی بنکەی ئەتۆمی بووە بۆ مەبەستی بەکارهێنانی لە بواری خزمەتگوزاری و پاڵاوتنی نەوتدا. لە ١٣٣٦ بە هاوکاری ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی "ئایزێن هاوێر" دەست کرا بە جێبەجێکردنی یەکەم پرۆژەی ئەتۆمی لە ئێران، ساڵێک دواتر بوو بە ئەندامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (I.A.E.A) ساڵی ١٣٤٦ ئەمریکا یەکەمین ڕاکتۆری "توێژینەوەی پێنج مێگاواتی ئاوی قورس"ی بە ئێران فرۆشت و لە زانکۆی تاران دامەزرێندرا و دەستی بە کارکرد کە هەر خۆشی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بۆ دابین دەکرد. ساڵێک دوای ئەوە پەیماننامەی قەدەغەکردن و پەرەپێدانی چەکی ناوەکی (N.P.T)ی واژۆ کرد. ئەمریکا و ئێران لە ١٣٥٢ ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی پرۆژەی ناوکیی ئێران ئیمزا کرد. بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوایە ئەمریکا هەتا ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران بگەیێنێتە ٢٣ بنکە. ساڵێک دواتر وڵاتانی فەرانسە، ئاڵمان، بێلژێک و سوئێد ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئێران ئیمزا کرد بۆ دروستکردنی چەند بنکەیەکی تری ئەتۆمی، لە ١٣٥٤ دەست کرا بە دروستکردنی بنکەی ئەتۆمیی بووشەهر، هەروەها ئێران لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتنی کڕینی بنکەیەکی دەرهێنانی پلۆتۆنیۆم (سوتەمەنیی بنکەی ئەتۆمی) لە ساڵی ١٣٥٥ ئیمزا کرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئێران مافی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی ئەو بنکەیەی کڕی کە دەکەوێتە باشووری ئەمریکا. (حاتمی راد ١٣٨٦، مجله پیام ص ١٦٢)

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ تەواوی کارەکانی دروستکردنی پرۆژەکان لە لایەن وڵاتان و کۆمپانیا بەڵێندەرەکانیان ڕاوەستان. حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە دژی دروستکردنی بنکە و پرۆژەی ئەتۆمی بوو، هەر بۆیە خومەینی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆژە ئەتۆمییەکانی دا و پێی‌وابوو پرۆژەی ئەتۆمی پێچەوانەی بنەماکان و ئەخلاقی ئیسلامییە و حەرامە. هەر لەو پێوەندییەدا لە ٢٦ جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ لە ڕۆژنامەی (جمهوری اسلامی) وتارێک لە ژێر ناوی بنکە ئەتومییەکان خەیانەتە بە گەلی ئێمە، بڵاوکرایەوە.

دوای نەمانی خومەینی و کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق دەسەڵاتدارانی ئێران لەو سیاسەتە پەشیمان بوونەوە و جارێکیتر دەستیان بە وەگەڕخستنەوەی پرۆژە ئەتۆمییەکان کردەوە و توانییان بە هاوکاریی ڕووسیە پەرە بە بنکە ناوکییەکان و بەرهەمهێنانی ئەتۆمی بدەن و هەر دوو بنکەی ئەتۆمیی بوشەهر بخەنەوە گەڕ. لەم قۆناغەدا ئێران بە هاوکاریی ڕووسیە بووە خاوەنی دوو بنکەی بەرهەمهێنانی وزەی ناوکی لە "ئەراک" و "نەتەنز". ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ٢٠١١_ ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و بەردەوام بوو.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئێران سەرقاڵی بەرهەمهێنان و پیتاندنی یۆرانیۆم بووە، ئەحمەدی‌نژاد لە ١٣٨٥ ڕایگەیاند ئێران یەکەم پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆمی بە ڕێژەی ٣.٥ ٪ ئەنجام داوە، ئەوە یەکەم هەنگاوی ئێران بوو بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەو هەنگاوەی ئێران ناڕەزایەتی ئەمریکا و ئوروپای لێ‌کەوتەوە، هەر لەو ساڵەدا بۆ دەستهەڵگرتن لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، ئەنجومەنی ئاسایش سزای بەسەر ئێراندا سەپاند. دواتر لە ١٣٨٧ هێندێک سزای توندی دیکە خرانە سەر ئێران، سەرەڕای گەمارۆکان ئێران بەردەوام بوو لە پیتاندنی یۆرانیۆم و لە ماوەی چوار ساڵدا توانی ڕێژەی بەرهەمهێنان بگەیێنێتە ٢٠٪ هاوکات لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونەدا ئیسڕائیل هێرشێکی ڤایرۆسی (ستاکس نێت)ی کردە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئەراک و نەتەنز، بە هۆی ئەم هێرشە ڤایرۆسیەوە توانی سیستەمی بەڕێوەبردن و کارپێکردنی ئەو بنکانە لەکار بخا و پرۆژەی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی ئێران بە تەواوی پەکی بکەوێ. ئیسڕائیل ئیدیعا دەکا توانیویەتی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێران دوابخا و سزا ئابوورییەکان و هێرشە ڤایروسیەکەی ئیسڕائیل هەموو هیوا و ئاواتە ئەتۆمییەکانی ئێرانی ڕوخاند، بۆیە کەوتە بیری خۆ دەربازکردن لە ژێر باری قورسی سزا سەپێندراوەکان. بۆ ئەو مەبەستە دەستی کرد بە دانوستان لەگەڵ ئوروپا و ئەمریکا. لە ساڵی ١٣٩٤ وڵاتانی ئەمریکا، ڕوسیە، چین، فەرانسە، ئاڵمان و ئێران ڕێککەوتنی(١+٥) ئەتۆمیی ئێرانیان واژۆ کرد. بە پێی ڕێککەوتننامەکە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ڕێگا بە ئێران دراوە لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی جیهان‌دا بۆ مەبەستی ئاشتی و خزمەتگوزاری بە ڕێژەی ٣.٧٦ ٪ یۆرانیۆم بپیتێنی. لە بەرامبەر ئەو ڕێکەوتنەدا ئەمریکا ساڵی ١٣٩٥ سزا ئابوورییەکانی سەر ئێرانی هەڵگرت، ئێران لەو قۆناغەدا توانی لە ڕێگای ئەو ڕێککەوتنە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ئوروپا ئەهوەن بکاتەوە و لە ژێرەوە پەرە بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆی بدا.

ئەو کاتە زێڕینە زۆری نەخایاند و پێچەوانە بۆوە و کاتێک دونالد ترامپ بوو بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ترامپ کە هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو ڕێککەوتنە بوو، دوای ماوەیەکی کەم ڕایگەیاند ئێران نەک هەر ڕێککەوتننامەکەی جێبەجێ نەکردووە بەڵکو ڕێککەوتننامەکە بە قازانجی ئێران نووسراوە. بۆیە یەک لایەنە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و وڵاتانی(١+٥) کشایەوە و سزاکانی سەر ئێرانی بە زیادەوە گەڕاندەوە کە لە مێژووی ئێراندا هاوشێوەی نەبووە. سزاکان بێجگە لە کەرتی نەوت و گاز و پیشەسازی، ٦٠٠ کۆمپانیا، کەسایەتی و تەواوی ئابووری ئێرانی گرتووەتەوە، هەروەها سوپای پاسداران خرایە لیستی تێرۆرەوە، ئەوەش بوە هۆی ئەوەیکە ئێران بچێتە قۆناغێکی دیکە و بە تەواوی لە جیهان دابڕێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا لە تەنیشت سیاسەتی میلیشیاسازی و شەڕی نیابەتی، پیشەسازیی مووشەکی و ئەتومیی خۆی بە گرینگترین ئامرازی مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەبینێ و هەوڵ دەدا هەرجۆرێک بووە دەستی بە بۆمبی ئەتوم ڕابگا و لە پیشەسازیی مووشەکیی خۆی وەک هەڕەشەیەک بۆ دەستەبەری ئامانجە سیاسییەکانی بەکار دێنێ.



# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا

## (بەشی یەکەم پێناسەی بەیت)



سابات حەمید



ئەوانەی لە سەربردەی گۆرانی و موزیکیان کۆڵیوەتەوە، بەشی هەرە زۆریان پێیان وایە گۆرانی کۆنترین هاوڕێی دەروون و ناخی مرۆڤە. گۆرانی وەک خوناوکەی بارانێک وایە کە لەگەڵ دامرکاندنەوەی گڕ و جۆش و خرۆشی ناخی مرۆڤەکان و ئاوپڕژێنی هەناویان، تین و گوڕێکیشیان وەبەر دێنێتەوە. خۆزگە لێمان ڕوون بوایە یەکەم مرۆڤی گۆرانیبێژ کێ بووە و یەکەم گۆرانیی مرۆڤ چ شتێک بووە. ئەوانە بەداخەوە بە نادیاری ماونەتەوە بەڵام لە کۆنترین دەقەکاندا، چ دەقە ئەدەبییەکان و چ دەقە ئایینیەکان باسی دەنگخۆشی و ئاواز و گۆرانی کراوە و وەک دەڵێن یەکێک لە مرۆڤە هەرە دەنگخۆشەکان حەزرەتی داوودی پێغەمبەر بووە کە بەدەنگە خۆشەکەی خۆی زەبووری خوێندووەتەوە.

کوردیش وەک مرۆڤێکی سەر ئەم گۆی زەوییە لەو نیعمەتە بێبەش نەبووە، بە تایبەتی کە کورد لە کۆن کۆنەوە ئاژەڵدار و کوێستان گەڕ بووە و بە دوای لەوەڕگەدا گەرمێن و کوێستانی کردووە و هاودەمی بەردەوامی سرووشت بووە و لەگەڵ سرووشت ژیاوە، بۆیە لە قەد و داوێن و بناری کێو و چیایان دەنگی لێ هەڵێناوە و گۆرانیی چڕیوە و هەر جارەی لە هەوایەک کوڵی دڵی خۆی دامرکاندووەتەوە و لە ئاکامی ئەو هەوراز و نشێوانەی ژیانیشیدا بەیت و قەتارە و حەیران و گەلۆ و مەقام و لاوک و سیاچەمانە و هۆرەی داهێناوە. ئێمەش لە نێو ئەو جۆرانەی گۆرانیدا ئاوڕێکمان لە بەیت داوەتەوە و بە پێی توانا لێرەدا تیشکمان خستووەتە سەری.

پێناسەی بەیت

لە نێو جۆرەکانی گۆرانیی فۆلکلۆریماندا وەک: سیاچەمانە و هۆرە و قەتار و بەیت و لاوک، بەیت یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکەیان. خۆی فۆلکلۆری کوردی گەنجینەیەکی بەنرخی نەتەوەییمانە و تێیدا دەتوانین ئەو بەشە لە ڕابردووی گەلەکەمان بخوێنینەوە و لێی بکۆڵینەوە کە بەداخەوە نەنووسراوەتەوە و نەکراوەتە مێژووی نووسراو. یانی لە ئاوێنەی فولکلۆردا دەتوانین شێوەی ژیان و دابونەریت و جیهانبینی و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەی پێشنیانی خۆمان ببینین. چونکە بە داخەوە تەمەنی ئەدەبی نووسراوی کورد زۆر نییە و کورد بەهۆی ژیانی چیاییەکەیەوە زۆر درەنگ خۆی داوەتە خوێندەواری. بۆیەش فۆلکلۆر یان ئەدەبی زارەکیمان تەمەن و ڕابردوویەکی درێژتری هەیە و لە ڕاستیشدا دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک بەردی بناغەی ئەدەبیاتەکەمان لێی بڕوانین. ئەوەتا باسیلی نیکیتین لە کتێبی کورد و کوردستان‌دا لەوبارەیەوە دەڵێ: هەر لێکۆڵینەوەیەک لە ئەدەبیاتی کوردی دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا لە سەر فۆلکلۆری ئەو نەتەوە بکرێ کە نەک هەر میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی پشتاو پشتی ڕابردووی پێگەیشتووە و هێزێکی گەشە و خوڵقاندن لە ناوخۆشیدا شک دەبا کە هەمیشەش لە نوێکردنەوە دایە و مەبەستی فۆلکلۆری لە نەتەوەکانی جیرانی خۆی وەردەگرێ و کە لەبۆتەی ئەدەبیاتی کوردیدا تواندییەوە، گەشەی پێ دەدا و ئەدەبیاتی خۆی پێ دەوڵەمەندتر دەکات. (نیکیتین، 1997: ل734)

بەیت لە واتا قامووسییەکەی‌دا، بریتییە لەو بەیت و باوەی لە سەر زار و زمانی پێشینیان بووە و لەوانەوە زار بە زار هاتووە و بە ئێمە گەیشتووە. سوارە ئیلخانیزادە لە بەرنامە ئەدەبییەکەی "تاپۆ و بوومەلێڵ"دا کە لە ساڵانی حەفتاکان‌دا لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاوی دەکردەوە و دواتر لە کتێبێک‌دا هەر بەو ناوە بڵاو کرایەوە "بەیت" بە "شیعری وتار"ی ناو دەبا و ئاوا پێناسەی دەکا:

"شیعری وتاری" یا "بەیت" بە لای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەوق و چێشکەی هۆزەکەمانە. (ئیلخانی زادە، 2007: ل 175)

دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە لە کتێبی "پێکهاتەی بەیتی کوردی"دا ئاوا ئاماژە بە وشەی بەیت دەکا:

وشەی "بەیت" لە نووسراوەکان و لە ئاخافتنی خەڵکی ئاساییدا، بەسێ مانای جیاواز دەکار کراوە:

1. بە مانای هەرەگشتی: واتە ئەو بەشە لە فۆلکلۆری کوردی کە تێکڕای "ئەدەبی داستانی زارەکی" دەگرێتەوە. دیارە لەم بەکارهێنانەدا، وشەی بەیت جگە لە لاوک و حەیران و بەند، بەشێک لە گۆرانی و چیرۆکی فۆلکلۆریشی گرتۆتەوە.

2. بە مانای تایبەتی: واتە بەشێک لە ئەدەبی زارەکیی کوردی کە گەرچی خزمایەتی و نزیکایەتیی لەگەڵ لاوک و حەیران هەیە، بەڵام نە لاوکە و نە حەیرانیش. بۆ نموونە "لاس و خەزاڵ" ـ بەم مانا تایبەتە ـ بەیتێکە کە بەم ناوە لەنێو خەڵکدا بەناوبانگە و ناکرێ ناوی لاوک و حەیرانی لەسەر دابنێین.

3. بە مانای گشتی: واتە چەشنە بەکارهێنانێک کە لە نێوان مانای هەرەگشتی و مانای تایبەتیدا جێگیر دەبێ. لەم چەشنە لێکدانەوەیەدا، بەیت بەمانای تایبەتی و هەروەها لاوک و حیران، هەموویان تێکڕا ناوی بەیت، یان جاری وایە لە بەکارهێنانێکی بەرفراوانتردا ناوی "بەیت و باو"یان لەسەر دادەنرێ. (مەحموود زادە، 2003: ل4)

لەگەڵ ئەوەشدا وردبوونەوە لە بەیت وەک ژانرێکی ئەدەبی کوردی، زۆر هەودا و سەرە داوی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە کاک ئەحمەدی بەحری لە بەرگی یەکەمی کتێبی "گەنجی سەربەمۆر"دا دەڵێ: کاتێک باسی بەیت دێتە گۆڕێ، خێرا دیمەنی کوردێکی سەر و ڕووخۆش، لە نێوەچوو، ڕەزاسووک و دڵتەڕی دێهاتیت بە زەیندا دێ کە پێچی هێناوەتە سەر برۆیان، دەستێکی لە بنانگوێی ناوە و بەوی دیکە تەسبیحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ. دەنگی لێ هەڵێناوە و لە چەشنی خاسەکەوی سەر دوند، سۆزی دەروونی لە کوڵی دەکاتە پشکۆی وشە و بە لێزمە دەیداتە دەرێ. (بەحری، 2000: ل3)

ئەو پێناسەیەی ئەحمەدی بەحری چەند شتێکمان لەسەر بەیت بۆ ڕوون دەکاتەوە.

یەکەم: ئەوەیکە بەیت بەرهەمی ژیانی لادێیە و لانکە و بێشکەی لەدایکبوونەکەی دێهاتەکانن.

دووەم: هەڵڕشتنی کوڵ و کۆ و هەست و سۆزی دەروونە و زۆر جاران بۆ سووککردنی باری دەروون گوتراوە. خۆی ئەگەر ئاوڕێک لە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی وەک: خەج و سیامەند و کاکەمیر و کاکە شێخ و شۆڕ مەحموود و مەرزینگان دەدەینەوە، بەشێکی زۆر لەو بەیتانە لاواندنەوە و پێداهەڵگوتن و شین گێڕانە. لەو کاتەدا کە کوردی چیایی هیچ هاودەمێکی شک نەبردووە بۆ ئەوەی کوڵی گریانێکی خەستی لەلا هەڵبڕێژێ، دەنگی لێ هەڵێناوە و تێی چریکاندووە و کوڵی دڵی خۆی بە گوێی چیاکاندا خوێندووە.

هەر شتێک بێ، بەیت گێڕانەوەی سەربردە و زۆرجاران تراژێدیا یان پاڵەوانێتیی کەسێکن. ئەو بەیتانە لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە بەسەر چەند جۆردا دابەش دەبن. بۆ وێنە بەیتێک لەوانەیە، لایەنی دڵداری و تراژێدی و پاڵەوانێتی لەخۆیدا کۆ بکاتەوە. بۆ وێنە بەیتی لاس و خەزاڵ هاوکات پاڵەوانێتیە و دڵدارانە و تراژێدیاشە. لاس پاڵەوانێکی بێ وێنە و ئاشقی خەزاڵی سەرۆک عەشیرەتی مەلانەبییان دەبێت و دواجاریش بە تیری دوژمنان تێدا دەچێت.

بەشی هەرە زۆری بەیتەکان، لایەنە تراژێدیا و خەفەتبارییەکەیان خەستترە لە لایەنەکانی دیکەیان. بەیتبێژ، یان ئەو کەسەی بەیتەکەی گێڕاوەتەوە و بەیتبێژی سەردەمی ئێمە لە زاری ئەوەوە دەیگێڕێتەوە، خەم و خەفەت و کوڵ و کەسەری خۆی لە دوو توێی بەیتدا هەڵڕشتووە و بەسەرهاتەکەی لەگەڵ هەڵڕشتنی داخ و کەسەری دەروونی گێڕاوەتەوە و لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیەیدا، ئاگری ناخ و دەروونی خۆی، بە لێزمە و لافاوی فرمێسکان دامرکاندووەتەوە. ئاخر دەروونزانەکان بەشێکیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە گریان دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی دەروونی کەسی لێقەوماو و کۆست کەوتە. ئەحمەدی بەحری گریان بە هۆکارێکی دیکەی وەدیهاتنی بەیت لەقەڵەم دەدا و دەڵێ: ڕەوانناسان لە سەر ئەو باوەڕەن ئەگەر کەسێک بارستی دەردێکی گەورە یا غەمێکی قورس گرانایی لە سەر بکا، بێتوو بۆی بگونجێ پرێسکەی بکاتەوە و کوڵی خۆی هەڵڕێژێ، هەست بە لەش سووکی و ئاسوودەیی دەکا. ئەم بابەتە لە خوڵقانی بەیتدا شوێنێکی یەکجار گرینگی بووە. (بەحری، 2000: ل4)

هەر لەو پەیوەندییەدا عەزیز وەلیانی لە کتێبی "ژیلەمۆ"دا دەڵێ : لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسیشەوە، هەم وێژەر و هەم بیسەر دەکەونە گێژاوی خەیاڵ و جەزبە. ئا بەم شێوە خۆیان لە بارستی کەسەر و پەژارەی ژیان ڕزگار دەکەن و سوکنایی بە ڕووح و لەشیاندا دێ. بەم جۆرە تۆوی بەیت دەگوورێ و لە وێنەی زارۆکێ لە بیر و هزری وێژەرەوە فرچک دەگرێ. (وەلیانی،2004: ل64).

درێژەی هەیە...

درێژەی:

# ئەوەی پێشەوا کردنی

پێکهات کە ڕێکخراوی خۆیان هەبێ و بەشدار بن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێکهاتنی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی کوردستان و بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی کۆماری کوردستاندا یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە پێشەوا لەو شانازییەدا بەشی ئەساسیی وەبەر دەکەوێ.

کاتێک بەهۆی تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی و پاشەکشەی سپای سۆڤیەت لە ناوچە و یارمەتی و پشتیوانیکردنی سپای ئێران لە لایەن بریتانیا و ئەمریکاوە هەلومەرجی ناوچەکە بە قازانجی دەسەڵاتدارانی تاران گۆڕا و بە زیانی دوو حکومەتی تازە دامەزراوی ئازەربایجان وکۆماری کوردستان شکایەوە، ئەرتەشی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز گەیشتە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان و بە پێچەوانەی تەورێز بێ خوێنڕشتن لێی دامەزرا. پێش هاتن و گەیشتنی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد لە لایەن زۆر کەسەوە هەوڵ درابوو کە پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شار بەجێ بهێڵن و خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام نە پێشەوا و نە ڕێبەرانی حیزب ئەو کارەیان نەکرد و لەگەڵ خەڵک مانەوە. مامۆستا هێمنی شاعیر لەو بارەوە دەڵێ پێشەوا لەو هەلومەرجەدا فەرمووی: "... لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێمخۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەنێو ئەواندا بمرم." هەر لەو بارەوە دەتوانین ئیشارە بە بیرەوەریی موتەزا زەربەخت کە ئەفسەرێکی ئێرانی لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە بکەین کە لەکاتی شکانی تەورێزدا ڕوو لە کوردستان دەکا و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و دەفتەری کاری پێشەوا و ئاوا باسی ئەو ساتە وەختە دەکا:" ... قازی محەممەد زۆر لە سەرەخۆ و ئارام و میوانگر بوو و هەتا لە ژیاندا ماوم ئەو ڕستەیەی پێشەوام لەیاد ناچێ کە گوتی لەگەڵ گەلەکەم دەمێنمەوە و تا دەکرێ پێش بە ئاژاوە و خوێنڕشتن دەگرم. با ئەوەی بەسەر خەڵکەکەم دێ بە سەر منیش بێ."

ڕۆژی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی یەکەم جەلەسەی دادگایی کردنی پێشەوا و هاوڕێکانی لە پادگانی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی کەسێکی نیزامی بەناوی سەرهەنگ غولامحوسێن عەزیمی دەستی بەکار کرد. چ ئەو کات و چ ئێستا دۆست و دوژمن دەیزانی ئەو دادگایە هیچ تایبەتمەندیی دادگای تێدا نییە و تەنیا ڕواڵەتێک لە دادگا بوو، بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی بگوترێ کە قازییەکان لە دادگادا مەحکووم بە مەرگ کراون. لەو دادگایەدا ١٢ تۆمەت بەرەوڕووی پێشەوا و چەند تۆمەتێکیش بەرەوڕووی سەدری قازی و سەیفی قازی کرانەوە کە هەموویان بێبنەما و بێنێوەرۆکن. جەلەسەی دووهەمی دادگا ڕواڵەتییەکە لە ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی دەستی بەکار کردەوە و لە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی واتە دوای سێ ڕۆژ لە جەلەسەی دووهەمی دادگا حوکمی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی لە لایەن دوژمنانی بەخوێن تینوو بەڕێوە چوو.

ئەو سەنەد و بەڵگانەی لەبەردەستدان، تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نوسراون، بە ڕوونی ڕاستییەکانمان دێنە بەرچاو کە پێشەوا بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە کە کەوتبوو سەر شانی، ئەوەندەی لە توانای دابوو لە دادگا ڕواڵەتییەکەی نیزامی پاشایەتیدا لە ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان وکاروکردەوەکانی کۆماری کوردستان دیفاعی کرد.

لە دادگادا پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێ بەڵکوو جووڵانەوەی گەلی کورد و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانە لەو بەناو دادگایەدا موحاکەمە دەکرێ. پێشەوا گەل و نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل وەکار خستبوو، هەموو هێز و توانا و بیروهۆشی خۆی لە پێناو کۆمەڵانی گەلی کورد دانا. پێشەوا لە هەموو کەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووە و میللەتە خۆشەویستەکەی چەند بێ سێحەبە و لە چ هەژاری وچارەڕەشییەکدا دەژین. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە پێشەوا دەیزانی مردن و مەرگ چاوەڕوانیەتی، چونکە شارەزای مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد بوو و تاقیکردنەوەی دەیان ساڵەی خەباتی گەلی کورد دەری‌خستبوو کە دوژمن فیڵباز و زۆردارە و بە خوێنی ڕێبەرانی کورد تینووە؛ کەچی لە یەکەم چرکەی دەسبەسەرکردنی هەتا ژووری دادگا ڕواڵەتە داتاشراوەکەی لە هەموو شوێنێک تەنیا خۆی بە بەرپرسی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لەقەڵەم دا. پێشەوا مەبەستی ئەوە بوو هەم بەو سوێندە وەفادار بێ کە ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان لە پێش ئامادەبووان خواردی و هەم بواری تۆمەتباربوون لە سەر هەڤاڵەکانی کەم بکاتەوە. کاتێک دادئەستینی دادگای نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ شاری مەهابادت بەجێ نەهێشت و نەڕۆیشتی، پێشەوا لە وەڵامدا دەفەرموێ: "یەکەم لە بەر ئەو سوێند و پەیمانە کە لە نێونەتەوەکەمدا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی پێشی خوێنڕشتن بگرم، ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من دەکوشت."

پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ ئامانجەکانی کورد گیانی بەخت کرد، لە ماوەی تەمەنی‌دا هەرچی لە دەستی هات و زەمان و مەکان بواری بۆ ڕەخساندبێ بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەربەستی و بەختەوەری و ئازادی نەتەوەکەی کردی. لەو سەردەمدا تەنیا لەژێر ڕێبەری و کەسایەتیی بەرزی پێشەوادا بوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەم جار بەو شێوە بەربەرینە بە دیاردە نوێیەکان ئاشنا دەبێ و هەستی نەتەوایەتیی گەشە دەکا وکۆمەڵێک لە ناتەبایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێکەوە تەبا دەبن و لەژێر ئاڵای کۆماری کوردستاندا کۆ دەبنەوە.

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:795 4 April 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


# چاپ و بڵاو بوونەوەی دوو بەرهەمی نوێی نووسەرانی کوردستان



دوو بەرهەمی نوێی نووسەرانی کوردستان کە یەکیان ڕۆمان و یەکیان کۆمەڵە شێعرە، چاپ و ڕەوانەی بازاڕ کرا.

کتێبی ڕۆمانی "تۆپێک لە سەر ئاو" بۆ بەردەنگە تازە لاوەکان بە قەڵەمی نووسەری مەریوانی "زانیار درەخشانی" لە لایەن بڵاوگەی بیریاری شاری سەقزەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.
نووسەر لەم ڕۆمانەیدا چیرۆکی ژیانی تازە لاوێک بە ناوی "یادگار" دەگێڕێتەوە کە سەرەڕای کێشەی زۆر لە نێو بنەماڵە و گوندەکەیدا، عاشقی خوێندن و یاری تۆپی پێیە.

هەروەها کتێبی "نیشتمانێک بۆ زام و لەشێک بۆ عەشق" بژاردەی شێعرە هەورامییەکانی "فەرشید ڕۆستەمی" لەلایەن بڵاوگەی ئەفرودەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. لەو بەرهەمەدا هەوڵ دراوە شێعری نوێی هەورامی بناسێندرێ و پێشینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی هەورامی شی بکرێتەوە.

# کتێبی «سێشەممانە لەگەڵ مۆری» چاپ و بڵاو کرایەوە

کتێبی "سێشەممانە لەگەڵ مۆری"، لە نووسینی نووسەری بە ناوبانگی ئامریکایی "میچ ئەلبۆمە" کرایە کوردی. ئەم کتێبە "خالید عەلیزادە" کراوەتە کوردی و لەلایەن وەشانگەی "ناوەند"، لە شاری بانە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لەم کتێبەدا مۆری شوارتز زۆر ڕاشکاوانە ئەزموونی حەوت دەیەی ژیانی خۆی لەگەڵ میچ ئەلبۆم دەخاتە بەر باس.
لە ئاکامی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی ناوبراو، کاریگەری و شوێنداریی ئێجگار زۆری لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە و تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چلوپێنج زمانی زیندووی دونیا.

ئەم کتێبە گەنجینەیەکی بەنرخە لەمەڕ تێگەیشتن لە پرسی مەرگ، هەروەها ڕێنوێن و سەرچاوەیەکی باشە بۆ ڕۆشنگەری و بە ئاگاهاتنەوە. ئەم کتێبە دیالۆگ و هەڤپەیڤینە لەگەڵ پێشەوا و پێشەنگێک و ئەزموونی مەرگی خۆی لەگەڵمان دەخاتە بەر باس.




وەرگێڕ ئەم کتێبەی وەک نەورۆزانەیەکی بچووک پێشکەش کردووە بە کتێبخانەی کوردی. "تیلەکۆ"، "کۆمەڵناسیی ئایین"، "لێبوردەیی و جیاوازی"، "قازانجی ڕووەکخۆری" و "بزووتنەوی ژنان و فیمینیزم" چەند بەرهەمێکی چاپکراوی دیکەی خالید عەلیزادەن.

# کۆچی دوایی د. نەمام غەفووری بەهۆی کۆرۆنا



دکتۆر نەمام غەفووری، کەسایەتیی خۆبەخشی کورد ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

د. نەمام پزیشکی خۆبەخش و خێرخواز کە بەهۆی چالاکییەکانی لە بەهاناوەچوونی ئاوارە ئێزیدییەکان ناوبانگی دەرکرد، کچی مەحموودئاغای کاکە زیادی کۆیە بوو و ماوەی ٣٥ ساڵ بوو لە سوێد دەژیا و حەوت ساڵ پێش بە مەبەستی کۆمەک و هاوکاری و خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ئاوارەکانی کوردی ئێزدی گەڕایەوە کوردستان.

د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نووسینێکدا بەم بۆنەیە دەڵێ: د. نەمام غەفووری مرۆڤدۆست و نەتەوەیی بوو. ئەو لەجیاتی دۆشدامان و کرووزانەوە، بەردەوام هەنگاوی مشوورخۆرانەی دەنا و لەوە وزە و بزەی بەرهەم دێنا. پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات کە هێندێک بەناو دۆست و پاڵەوانی موجامەلە لە نزیکیشەوە نەیاندەوێرا توخنمان بکەون، ئەو لە زۆر دوورەوە هاتەوە و خۆی گەیاندە ئێمە. لەدەستدانی نەمام خەسارێکی گەورەیە بۆ کورد و مرۆڤایەتی، نەک تەنیا لەبەر ئەو برە لە هانای ئینسانی کە ڕێکی دەخست، بەڵکوو لەبەر ئەو نموونە قاتیبووەی لەخۆبوردوویی و خەمخۆری بۆ لێقەوماوانی کورد بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوور و ململانێ نێوخۆییەکان.


# کۆبوونەوەی بەشی پێوەندییە سوئێدییەکانی حیزب لەگەڵ بەرپرسی ڕایەڵی کورد لە پەرلمانی ئەو وڵاتە

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزب بە سەرپەرەشتی "د. سۆزان فەتحی"، بەرپرسی پێوەندییە سوئێدییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی ئانلاینەوە لەگەڵ "فرێدریک ماڵم"، پەرلمانتاری لیستی حیزبی لیبراڵی سوئێد و بەرپرسی ڕایەڵەی کوردستان لە پارلمانی ئەو وڵاتە کۆ بوونەوە.

د. سۆزان لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی گشتیی لەسەر باروودۆخی نالەباری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە کەوتوونەتە دۆخێکی دژوارەوە و نەبوونی پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی گوشارێکی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر خەڵک و لەلایەن کۆماری ئیسلامییشەوە بە تەواوی پشتگوێ خراون.

لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا "کەماڵ حەسەنپوور"، هاوکاری بەشی پێوەندییەکانی حیزب، باسێکی لەسەر بەرجام و هەوڵەکانی چڕی هەر سێ وڵاتی ئاڵمان، بریتانیا و فەرانسە، دوای هاتنەسەرکاری "جۆ بایدێن"، سەرۆککۆماری نوێی ئەمریکا، بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بە شێوەی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی و لەمپەر و مەترسییەکانی ئەو هەنگاوانەی وڵاتانی ئورووپایی پێشکەش کرد.

لەو دیدارەدا بەڕێز "فرێدریک ماڵم" جیا لە دووبارەکردنەوەی پشتیوانیی خۆی بۆ گەلی کورد، بەڵێنی هاوکاریی هاوبەشی دا و گوتی: لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هاوکاریی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد، نووسراوەیەک ئامادە دەکا کە دەبێتە بنەمای پرسیاری ناوبراو لە وەزیری دەرەوەی سوئێد و وڵامدانەوەی لە پارلەمانی ئەو وڵاتە.



تەوەری نووسراوەکە دۆخی کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و جگە لەوە ناوبراو بە نووسراوەش پرسی شەپۆلی دەسبەسەرکرانی ئەم دواییانەی چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات و گوشار خستنە سەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی ئەو دەسبەسەرکراوانە دەنێرێ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوئێد.

## بەر لە ماڵاوایی

# دڵنووس و ژاننامەی کەماڵ شەریفی لە بەندیخانەی «میناب»ەوە

**تۆ هێشتا لێرەی؟**

ئەم پرسیارە زیاتر لە سەد جار و بە سەرسووڕمانەوە لە زمانی ئەو کەسانەوە کە لە بەندیخانە ئازاد کراون و دیسان کەوتوونەتەوە بەندیخانەوە، لێم کراوە. کەسانێک هەن کە لەم ماوەی نزیک بەم ١٣ ساڵەدا زیاتر لە چوار تا پێنج جار لە بەندیخانە ئازاد کراون و دیسان بە تاوانێکی دیکە کەوتوونەتەوە بەندیخانەوە. کەسانێک هەن کە زیاتر لە چوار جار تاوانی وەک دزی، بەزۆر پارەسەندن لە خەڵک، تێکهەڵچوون، دەستدرێژی و خەڵک ڕفاندنیان ئەنجام داوە، بە سەدان تۆن و چەندین کیلۆ تلیاک، حەشیش، شیشە و مۆرفینەوە دەستبەسەر کراون و پاش ئازادبوون دیسان و بە تاوانێکی دیکە گەڕاونەتەوە بۆ بەندیخانە و کاتێک ئەمبینن، ئەپرسن تۆ هێشتا لێرەی؟ نەچووی بۆ مەرەخەسی؟

هەن کەسانێک کە خوێنبایی (دییە) سکاڵاکەری پێشوویان نەداوە و ڕەزایەتیان لێوەرنەگرتووە بەڵام لە هەوڵی گرتنی ڕەزایەت و دانی خوێنبایی و مامەڵە لە گەڵ سکاڵاکەری نوێدان، کەچی من هێشتا لێرەم. نزیکەی ١٣ ساڵە لەم بەندیخانەیەم و حوکمی ٣٠ ساڵ بەندکرانم هەیە، بێ مافی مەرەخەسی و مافەکانی دیکەی هەر بەندییەک. بێ مافی قسەکردن، نووسین و دانیشتن لەگەڵ خەڵکانیتر. ١٣ ساڵە لێرەم بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خودا و پێغەمبەرەکەی. بەڵام ئەو کەسەی کە گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی شیشە (مادەی هۆشبەر)ی لە هورموزگان هەبوو و سزات ٤٠ ساڵ بەندکرانیان دابوویە، پاش دوو ساڵ بەندکران، مافی مەرەخەسییان پێدا و ڕێگای بۆ کرایەوە و گەڕایەوە سەر ئیشی پێشووی خۆی. ئەو کەسەی کە بە چوار تۆن و ٣٦٥ کیلۆ تلیاکەوە دەستبەسەر کرابوو، کەوتە بەر بەزەیی ئیسلامی و پاش ٣ ساڵ بەندکران ئێستا لەگەڵ بنەماڵەکەی دەژی. سەدان نموونەی لەم بەزەییە ئیسلامییە بەر گەورەترین قاچاخچی و بەرهەمهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان کەوتووە بەڵام سەیرە هیچ کامیان بەلووچ نەبوون. لە حاڵێکدا نزیکەی بە تەواوی ئەو کەسانەی لەسەر مادەی هۆشبەر لە هورموزگان، سیستیان و بەلووچستان و کرمان لە سێدارە دراون، بەلووچ بوون. زۆربەی ئەو کەسانەش بە تۆمەتی مادەی هۆشبەر لێرە حوکمی قورسیان هەیە بەلووچن و سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە لەم ماوەیەدا هیچ کارگێڕ، کادر، بەرپرس، چاودێر و تەنانەت سەربازی سادەشم نەدیوە کە بەلووچ بێ.

سێزدە ساڵە زیاتر لە ٢٠ جار بە نووسراوە داوای مەرەخەسیم کردووە لە داواکاری گشتی، سەرۆکی خانەی داد و بەرپرسانی دادوەریی پارێزگای هورموزگان و کوردستان، بەڵام پاش هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانە داواکەم بێوەڵام ماوەتەوە. پاش ئەوەیکە تووشی جەڵتەی مێشک بووم و ئێستاکەش شوێنەواری بە ڕوومەتمەوە دیارە، ئەمجارە لە ١٢ی ڕەشەمە، تووشی جەڵتەی دڵ بووم کە پاش نەشتەرگەریی ئانژیوپلاستی دیسان گەڕامەوە بۆ ئەو بەندە و بۆ ئەو ژوورە. ١٣ ساڵە لەگەڵ نەخۆشیی هەرسەک و خواردنی خراپی بەندیخانە و ژیان لە گەڵ تووشبوانی مادەی هۆشبەر و بۆنی دووکەڵی تلیاک ڕاهاتووم.

سەرەڕای ١٣ ساڵ بەندکران، دوورخستنەوە، بێ چاوپێکەوتن، جەڵتەی مێشک و دڵ، هاوژووری بوون لەگەڵ کەسانێک بە تاوانی ئاسایی، گوشاری دەروونیی ڕاهاتن لەگەڵ هێندێک کێشەی دیکە زۆر تاقەتپڕووکێن و دژوار بووە. ڕاهاتن لە گەڵ «شەڕ لەگەڵ خودا و پێغەمبەرەکەی» (موحاربە)، هەر ئەم وشەیە لە دادنامە بەسە بۆ ئەوەیکە بەندکراو بۆ هەتاهەتایە لە بەندیخانە بهێڵێتەوە یان لە سێدارەی بدا.

بوونی وشەی « موحاربە» لە دادنامە یانی نەبوونی مافی مەرەخەسی و ئەو مافانەی کە لە لایەن بەندیخانەوە دەدرێتە بەندکراو. ئەگەر ئەو بەندکراوە کورد یان بەلووچ بێ ئەوپەڕی «موحاربە»ی بەر ئەکەوێ. ئەو لێبووردنانەی کە بە هۆی جۆراوجۆرەوە دەردەکرێ، هێندێک لە بەندکراوان ناگرێتەوە. لە هەر حاڵێکدا «مەحارب» لە یەکەم کەسەکانە کە هیچ چەشنە لێبووردنێک نایگرێتەوە.

نەبوونی پێناسەی تاوان و تۆمەتی سیاسی یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەو کەسانەیە کە بەم تۆمەتە لە بەندیخانەدان. جیاکردنەوەی بەندکراوانی سیاسی و ئەمنییەتی، تاکتیکێکە لە دەستی هێزی دادوەری و دادوەر کە بتوانن بە پێی ڕای تایبەتیی خۆیان و ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان، تۆمەتێکی سیاسی بکەن بە ئەمنییەتی و بە پێی بڕیارەکانی قورعان تۆمەتی «محارب» و شەڕ لە گەڵ خودا و خراپەکار لە ناو کەیسەکەدا بنووسن. بەندکراوی ئەمنییەتی یانی «مەحارب» و بە خراپەکار زانینی هەموو خەباتکارانی کورد، بەلووچ و عەرەب، یانی بەلارێدابردنی ویست و هیوای ئازادیخوازی لە ئێراندا. یانی ئەوەیکە دادوەر بە ئاسانی بتوانێ پێنووسی بیک، کەیسی کامپیوتێر و موبایل بکا بە کلاشینکۆف، بۆمب و قومبەلە. یانی گۆڕینی ویستی ئازادیخوازی بۆ ڕووخاندن و تێکدان.

١٣ ساڵە بێ بچووکترین گۆڕانێک لە کەیسەکەم لە گەڵ کێوێک لە کێشەی جەستەیی، ڕۆحی و شەخسی بە هیوای ئازادی و گەڕانەوە بۆ وەتەن چاوم بڕیوەتە قوڵفی دەرگای بەندیخانە.

